جەستەیەکی خۆڵاوی بەسەر قالیچەی سولەیمانەوە

رزگار لوتفی

بسم الله الرحمن الرحيم

کۆمەڵە چیرۆکی

جەستەیەکی خۆڵاوی
بە سەر قاڵیچەی سولەیمانەوە

ڕزگار لوتفی

١٣٩١

لطفی، محمد رزگار، ١٣٥٤
جەستەیەکی خۆڵاوی بە سەر قاڵیچەی سولەیمانەوە
داستان‌های کُردی .. قرن ١٤

ISBN: 978-600-5647-48-8

فهرست‌نویسی بر اساس اطلاعات فیپا
موضوع: مجموعه داستان کُردی
١٣٩١ ٦ل٧٤٥س/٣٢٥٦ RIP ٢٣/٨فا٩
کتابخانه‌ی ملی ایران: ٣٠٨٠٣٦٧

کۆمەڵە چیرۆکی

جەستەیەکی خۆڵاوی بە سەر قاڵیچەی سولەیمانەوە

ڕزگار لوتفی

دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک: ئازاد سورخی

ئەژمار: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ تمەن

ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار

سەقز، شەقامی ٢٢ی بەهمەن (پل هوایی)

تەلەفوون: ٣٢٢٧٠٣٠ - ٠٨٧٤

پێڕست

■

کۆچیرۆکێک لە گەمارۆی میتۆلۆژیا و فولکلۆردا

فەڕۆخ قادر

■

چیرۆک لە فۆڕمی نوێی خۆیدا لە ڕاستیدا بە جۆرێک جێ هێشتنی جۆری گێڕانەوی کۆن و فەزا کۆنەکان بوو. چیرۆک لە فۆڕمی مۆدێڕنی خۆیدا بە گەڕانەوە یاخود هەڵبژاردنی بابەتە کۆمەڵایەتـی، مێژوویی و دەروونییەکان هەوڵی دا بە شـێوەی هونـەری، مرۆڤ و کۆمەڵگای نـوێ و مودێڕن وێنا بکاتەوە و بـە واتایەکی تر گـەر بمانەوێ لە ترمینۆلۆژیی ئەرەسـتوو کەڵک وەرگرین و بە لاسایی کردنەوە ببێ بە ئاوێنەی باڵانمای راسـتییە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان. لەم شـێوازە نوێیەدا ئیتر بوونەوەرە ئەفسانەییەکان، دیاردە بانەکان و شوێن و کاتە نادیار و ئەزەلییەکان فەزای چیرۆک بە جێدێڵن و لە جیاتی ئەمانە ئێمە لە گەڵ بوونە زەمینییەکان و شوێن و کاتە دیارەکان ڕووبەڕووین. بەڵام لە سەردەمی پۆستمۆدێڕن دا و بە دەستپێشخەری نووسەرانی بەناوبانگـی جیهانـی، میتۆلۆژیا و کلتور بوونـەوە بە بابەتی هونەری گێڕانەوە و بەم شێوەیە لە ڕێگای ئاوێتەکردنی فۆڕمی

چیرۆک و ناوەڕۆکی میتۆلۆژیایی و فۆلکلۆری، دیاردە یاخود بوونەوەرێکی تــر خولّقا کە هەم مودێــڕن دەینواند و هەم کۆن یاخود ترادیســیۆنی. وە رزگار لوتفی لـــە زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکەکانیَ ئەم کۆبەرهەمەدا کەڵکی لەم شێوازە وەرگرتووە.

رەنگە سەرەڕای ئاسایی بوونی پرسیارەکە، پرسیارێکی شیاو نەبێت کە بۆچی رزگار لەم شـــێوازە کەڵکی وەرگرتووە. گەڕان بە شوێن هۆکارەکاندا هەمیشە یەکێک لە ئەستەمترین کارەکان بووە، بەتایبەت کاتێک قسە لە سەر هونەرە. چونکە لە هونەردا، شـــێوازی دەربڕین بەرگێکی یەکجار تایبەت دەپۆشیَ کە تێیدا لە دالآنە هەزار ســـەرەکانی دەروونی نووسەرەوە گوزەر دەکەن و بـــەم پێیە، واقیع یاخود وێنەکان وەها دەگۆڕدرێن کە دۆزینەوەی هۆکار بۆی، یەکجار دژوار دەبیَ.

بەڵام لە راستیدا ئێمە کارمان بە هۆکار نیە. رەنگە خۆشیی و شیرینی و بە مرۆڤانەتر بوونی پتری هونەر لە چاو فۆڕمەکانی تری ناسین دا ئەوە بێت کە پێش ئەوەی لە هۆکارەکان بپرسیَ، لە خودی رووداوەکان دەگەڕیَ و باس لەوان دەکا. ئەوســـا دواتر ئەو دەرفەتـــە بە خوێنەر دەدا کە لە فەزایەکی کراوە و هێرمنوتیکی و دیمۆکراســـیانەدا خۆی ئەگەر پێی خـــۆش بیَ، راڤەیەک لە هـــۆکار یاخود هـــۆکارەکان بکا. هەڵبەت لێـــرەدا رزگار وەک هەموو ئەو نووسەرانەی کە خۆیان بە شێوازەوە خەریک کردووە، زۆر خۆ ئاســـان بە دەســـتەوە نادا، گەڕان لە فۆڕمی مودێڕن و

لە ناوەڕۆکی ترادیسیۆنی دا کە بە جۆرێک لە ڕێگای ڕووداوە هەنووکەییەکانەوە خۆی دەنوێنێتەوە، ئاسان نیە.

جا ئیزن بدەن با لە بەر بالاخانەی کۆنی ئەم پرسیارە تێپەڕین و کەمێکی تر باس لە خودی نێوەڕۆک بکەین.

رزگار بە کەڵک وەرگرتن لە میتۆلۆژیا و ئەفسانە مەزهەبییەکان و تێکەڵکردنی لە گەڵ فەنتازیای تر یاخود هەنووکە، پەیوەندی دەگرێ لە گەڵ شەڕە بە ڕواڵەت ئەزەلییەکانی وەک براکوژی، ناکۆکییەکان و سەرەڕۆییەکان و نافرمانییەکانی مرۆڤ لە گەڵ خودا، گلەیی لە بێ عەدالەتی خودا لە بەرامبەر گەلێک و، سەرئەنجام گەڕانە دژوارەکانی مرۆڤ.

«بۆ جیلەکانی دواترا! بە سەدان ساڵ بێ پشوودان، بست بە بستی ئەشکەوتەکانمان پشکنی. کون و ڕەهێڵ و قوژبنەکانیشمان جێ نەهێلا. هەدامان نەدا. شەونخوونیمان کێشا. بەلام ئاسەوارێکمان نەدۆزییەوە. چیتر پێویست بە گەڕانی ئێوە ناکا. خۆ هیلاک مەکەن و «چێو لە تاریکی مەکوتن!»

رەنگە ئەم گەڕانە دژوار و لە هەمان کاتدا بێ ئاکامە بێت کە دەتوانێ بە جۆرێک براکوژی، ناکۆکییەکانی مرۆڤ لە گەڵ خودا و نەفرەت لە بێ عەدالەتی پاساو بداتەوە و ئەو ئیزنە بە مرۆڤ بدات کە بەردەوام لە گەڵیاندا بژیت، ... ژیانێکی ئازاراوی، کە لە گەڵیا بیرکردنەوەیەکی ئەبەدی و ئەزەلیش ڕێ

دەکا. گەڕانی رزگار لێرەدا خوێنەر بیری ئەفسانەی سیزیف دەخاتەوە. بەڵام بەو جیاوازییەوە کە کۆی کاراکتێرەکان نە تەنیا لە رێگای کردەوە، بەڵکو لە رێگای وشەیشەوە راستەوخۆ پەیامێکی خەمناک بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێدێڵن. پەیامی نەگەڕان و مل کەجکردن لە ئاست شکستی ئەوانەی رابردوو و پەلکێشکردنی بۆ ئیستا وەک تەنیا راستیی ژیان و بوون.

رەنگە لێرەوە گەر بمانەوێ بۆ پرسیاری هۆکار کە لەوە پێش هێنامانە ئاراوە، بگەڕێینەوە، دەبێ بڵێین کە شایەد هۆکاری گەڕانەوە و کەڵک وەرگرتنی رزگار لە میتۆلۆژیا ئەمە بێت. لە میتۆلۆژیا و کلتوردا، وەک نێوەڕۆک، گەلێک رووداو هەن کە ئێمە بیری ئیستا و بیری تەنانەت پێش خۆشیانمان دەخەنەوە. واتە بە پەیوەندی گرتن لە گەڵ کلتور، دەگەینە دەرک و تێگەیشتنی بازنەیی لە بوون (بە پێچەوانەی دەرکی هێڵی یاخود خەتی). تێگەیشتنێک کە دەتوانێ دوو ئاکامی بە شوێنەوە بێت: ئاکامی تەسلیم بوون بەم دەرکە یاخود هەوڵدان بۆ دەربازبوون لێی.

چیرۆکەکان لەم بارەیەوە هیچ ناڵێن. ئەمە لە راستیدا بۆ خوێنەر بەجێماوە.

پانزدەی دێسامبری ٢٠١٢

جەستەیەکی خۆڵاوی بە سەر قاڵیچەی سولەیمانەوە

■

بە سـوغرە گرتوومی. لە ڕابوردووەکەی ناگەم. لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ دەچێ، دەقا و دەق چەشنی باوە گەورە خەڵفاوە سێو خۆرەکەی سولەیمانی میرم. لە سەر گوزەشتەکەی ئەوەندەم لە سولەیمان بیستووە کە پێی گوتم:

- «لـەو دوور دوورەوە، لـە وڵاتی مرۆڤـە خۆڵاویەکانەوە دێ. خۆڵ سەرتاپای جەسـتەی تەنیوە. پێلووەکانیشی بە خۆڵ سـواغ دراوە. گوێچکەکانیشـی لێوانلێون لە خۆڵ. بە ئاستەم دەبیستن. نابینی جل و بەرگیشی نوقمی خۆڵە؟ ڕێک چەشنی پەیکەرێکی سـازکراو لە لمی قەراغ زەریا. کە گەیشتە لات و پێی نایە سەر پشتت، لە لاقە خۆڵاویەکانی گازندە مەکە و سەر خۆتی مەهێنە، ئەوە خۆشەویسـتی منە و ماندووێکی بە سـەد جێ کۆڵەواری کەژە ڕێیەکی سـەغڵەتە و جێگای مەرحەمەت و بەزەییە».

ناوچاوانێکی چەتوون و ڕدێنێکی مام ناوەندی پەشـمینە و

بۆز، سـیما لەڕ و لاوازەکەی نەخشاندووە. لە سەرووی بارستایی گۆناکانیەوە دوو چاوی زیت و کارتێکەر و بەسام بەدی دەکرێ. قـژ و ڕدێنی تێکهەڵکێـش بوون و پەلکەکەی چەشـنی بۆز مارێکی قـوڵ بە دەوری ملیا پاپۆکەی داوەتەوە. ئاشـکرایە کـە تەمەن دار و بە ئەزموون و بـێ وچان و کۆڵنەدەرە. بڕیارم وابوو بێجگە سولەیمان، کەس نەتوانێ پێم ڕێخشکێنێ و سواری نەدەمێ، بەڵام بێ قسەیی ئەوم پێ ناکرێ و لە حاست فەرمانیدا ملکەج و دەسـتەمۆم. فەرمانی کەسێ کە نوێنەری خودا بووە لە سـەر گۆی زەوی و حەدەم و حەشەم و دێو و درنج و تەنانەت پەلەوەرەکانیشـی لـە ڕەهێڵدا بوون، نێزیک بـە ڕێژەی کۆی دەسەڵاتی خوداوەندی مەزن. لێم پرسی:

- ڕەنگە تۆ بەختەوەر ترین مرۆڤی سەر ڕووی دونیا بی کە توانیووتە بنیشێیتە پشتی قاڵیچەی سولەیمان و خولیای سەفەری زەمەنت بێ؟ ئەکرێ بپرسم: بەرە و کوێ؟

قسە کردنەکەم سەرنجی ڕانەکێشا، چاوێکی بە سەرتاپای کۆڵەوار و لە خۆڵ ڕاچووی خۆیدا خشـکاندەوە و بە دڵپڕییەوە گوتی:

- بەرە و داهاتوو.

- بۆ داهاتوو؟

ڕەنگـە تەقینـەوەی کڵپـەی گریانێـک، بوویێتە تاکە پێویستیەک تا هەناوی بسرەوێ.

- لە تاو ڕابوردووا!

لە سەفەرەکانم لە گەڵ سولەیماندا بیستبووم کە «ڕابوردوو، سەکۆی هەڵدانی داهاتووە. لە سەر پێگەی ڕابوردووەوەیە کە خەونەکانی داهاتوو باڵە فرە ئەبن. لە ڕووبەرگی ڕابوردوویێکی ئەنجن ئەنجندا، واژۆی داهاتوویەکی زەخمار و کۆڵەوارتر دەنەخشێندرێ!»

ماوەیەکی درێژ بوو چیتر چیرۆکە دووپاتکراوەکانی سولەیمان نەیاندەبزواندم و بێ تاقەتیان کردبووم. دەرفەتێکی باش بوو مرۆڤە خۆلاویەکە بە چیرۆکەکانی خۆیدا بچێتەوە و ڕێگای سەفەرمان کورت بکاتەوە. داوام لێ کرد پێش ئەوەی سەفەری داهاتووی دەست پێبکات، ئاوڕێ لە ڕابوردووی بدەینەوە. پێمل نەدەبوو، وەکوو ترسێ لە شوێن کەوتووێ هەیبێ، بەردەوام نکۆڵی لە گەڕانەوە دەکرد. پتر سەرنجم ڕاکێشرا تا ئەو ڕابوردووە شاراوەیەی ببینم کە نەیدەویست جارێکی دیکە بچێتەوە سەر وەختی. لە ئاکامدا و دوای ململانێیەکی دەستە و یەخە و خۆماڵیانە بە قەناعەتم گەیاند کە «شاردنەوەی ڕابوردوو، مانای کوژانەوەی فانۆس و گوم کردنی زاریچەی گەرووی داهاتووە.» لە ناچارییا ملی دا، بێ سێ و دوو لووتم وەرسووڕاند و ڕووەو ڕابوردوو و بە تەوژمەوە خۆم کردەوە بە گەرووی زەمەندا. گەڕاینەوە بۆ ساتەوەختەکانی زوو:

دوور و نزیک لە بەرزاییەوە ڕوانیمانە ڕووبەری زەوی،

باشـــتر ورد بووینەوە، تەرمی مرۆڤێکمان بینی بە ســـەر شانی کەســـێکەوە،بە هەناســـکە هەناســـک و ورد و هێور، بێهۆ و لە خۆڕا بە دەوری خۆیدا وەردەسووڕا، ماندوویی لە هەنگاوەکانیەوە دەچۆڕایەوە. لە سوارەکەم پرسی:

ـ ئەمانە کێن؟

قەتارەی وشە دەرهاتووەکانی زاری، لە قینەوە گلابوون:

ـ دوو برای نابرا! یەکیان ئەوی دیکەیانی داپلۆســـیوە و بێ بەزەییانە کوشتوویەتی. ڕەنگە ئێستا لە شاردنەوەی تەرمەکەیدا بـــێ. دەستەوەســـتان و بێ چارەیە. هەڵگری جـــل و بەرگێ پڕ بە باڵای کورتە باڵای مرۆڤایەتی، پلێتە و ســـووتەمەنی کۆنە چرای تەم گرتووی مێژوو !

تێی نەگەیشتم، هەستم کرد برینە قووڵەکانی سەر وڕێنەیان خستووە. ســـەرەتاکانمان بە جێ هێشـــت، بە ئاقارێکدا تێپەڕین گەردەلـــوول و تەمتۆمانێکی گرژ بوو، چوارچێوەی خانووەکانی ئاوەدانییەکـــەی لە گێژەنی خۆیـــدا ڕاپێچ ئەدا. زات و زریقەی پۆلە مرۆیەکی ماڵ وێران بوو کە لەوبەرەوە دەکەوتە بەر گوێ. نێزیک کەوتنەوەمان کردەوەیەکی ژیرانە نەبوو. دەمزانی سوارەکەم بـــە خۆڵ گوێ ئاژەن بووە و گرمـــە و لرفەی گەردەلوولەکەش دووقاتیەتی. بە دەنگی بەرز نەڕاندم:

ـ ئەم خەڵکە بۆ وایان بە سەر دێ؟

ئەویش وەک ئـــەوەی من کەر بم تا توانـــی دەنگی بەرز

کردەوە، بە جۆرێ کە ڕەگی لاملی وەکوو کرمێکی ئەستوور هەڵماسی و کەوتە بەر تیری ڕوانین:

- ئەم هۆزە فەرمانەکانی خودایان پێشێل کردووە و کەوتوونەتە بەر پەلاماری بە تەوژمی ڕق و غەزەبەکەی. خودا بۆ ئاماژە دانی ئیرادە و نیشان دانی حیکمەتی خۆی، لە ڕێگەی نوێنەرێکی خۆیەوە لەم ناوچەیەدا، حوشترێکی لە کەلەکەی شاخە بەردینەیەکەوە هاوردەی دونیا کرد و گیانی پێ بەخشی. فەرمانی بە هۆزەکەشدا ئەم نیشانەیە بپارێزن و نەخەڵەتابن ئازاری پێ بگەیەنن. بەڵام هۆزەکە ئەم فەرمانەیان نەخوێندەوە و کەوتنە پەلاماردانی حوشترە و سەریان بڕی و لەت و لووشیان کرد و بۆ شێویان، گۆشتاویان لێ ساز کرد. ئەوەتا بۆ ئەو کردەوەیان کەوتوونەتە بەر غەزەبی خوداوەند و دەبێ سزای تاوانەکەیان بدەنەوە.

هەستم کرد تا لەو ئاقارە تێدەپەڕین و بەرە و پێش دەچووین، مرۆڤە خۆڵاویەکەی سوارم زیاتر دەپەشۆکێ و بێ ئۆقرەتر دەبێ، دەستێ لە ناخیەوە بەرگری لێ دەکرد کە ڕووە و پێش بچێ، ڕەنگە بەرە و پیری کارەساتێکی مەزن، بەرە و تابلۆیەکی هەردەم زیندووی هاوقەدی مێژووەکەی خۆی. لەم سەر و بەندەدا بوو کە پرینچکەی یەکەم دڵۆپم وێ کەوت. چاوم هەڵێنا، هەورم لە ئاسماندا بەدی نەکرد، سەرم سوڕما ئەم دڵۆپە ئاوە لە کوێوە ئێمەی گرتووەتەوە. بە چواردەورمدا دووورر لە ئاسۆم

ڕوانی، هیچ پەڵــە هەورێکی بەجێماوی پاش بارانم نەدۆزییەوە. ســوارەکەم بە قامک ئاماژەی پێدام بڕوانمە خوارمەوە. «جەلەل خالەق!» زێیەکــی لە زەریا چوو، لە ناوەندیەوە شــەقی بردووە و لۆیەکانــی تا ژێر زگمان هەســتاونەتە ســەر پێ! من تا ئەم کاتە دیمەنــی وام نەدیتووە، هەیبەت و قەلافەتەکەی لەرەی لە دڵم نا. لە ناوەنــدی کەرتەوە بووی زێکەدا کۆمەڵێک خەڵکی ڕەش و ڕووت، بە هەڵەداوان و گیان لە سەردەســت، لە پەڕینەوەدا بــوون. لەو بەری زێکەوە لەشــکرێکی پڕ چەک و چۆڵێش بە ئەرڕابە و جبەخانــەوە وەدوویان کەوتبوون. پاش ئەوەی جەماوەرە ڕەش و ڕووتەکــە تێپەڕین و دوا کەســی ســوپاکەش پێی نایە ناوەندی زێکــەوە، دوو لۆی لە دیوارچوو و بەرزەوەبووی ئاوەکە، برووســکە ئاسا یەکیان گرتەوە و ناڵە و شریخەکەی بە دەیان پێ ئێمەی پەرتــەوازە کرد. دوای قەیرێ ئەم قیامەتە هێور بووەوە و دەتگــووت ئەو زێ لە زەریاچووە لە مێژســاڵە نە بای دیتووە و نە بۆران. ڕووبەرێکی پڕ لە شــەپۆلۆچکەی مەند و ئارام. جار ناجارێ زێکە، تای لە دار سازکراوی ئەرڕابەیەکی نووقم بووی، لە قووڵایی خۆیەوە دەردەهاویشــتە دەرەوە. دەتگوت نە لەشکرێ بوونی هەبووە و نە شەقاربوونێکی ئاوا مەزنیش. تەمێکی غەریب و نامۆ ئەو ناوچەیەی داگرتبوو. لە مێشــکما پرســیارەکان، بۆ دەربازبوون پاڵە پەســتێویان بوو. ڕووم کردە پیاوە خۆڵاویەکە، کە ئێستا بە هۆی پڕژە بارانی ڕووداوەکەوە بۆنی خۆڵی پاش بارانی

لیّ دەهات و بە نیاز بووم پرســیاری لیّ بکەم کە وشەکانمی لە گەروومدا قەتیس دا:

ـ ئەم ڕووداوەش مۆرکــی نافەرمانی خوداوەندی پیّوە دیارە و ئاڵقەیەکە لە زنجیرەی ئاڵقەکان و بەسەرهاتەکانی میّژوومان. ئاویّنەی دەقا و دەقی یاخی بوون و لە بەرانبەریشــدا، کەوتنە بەر پەلاماری تەوژمی ڕق و تووڕەیی خوداوەندی مەزن. سەرکردەی ئەو لەشــکرە دیعایەی خوداوەندی دەکرد و هەستابوو بە کوشتن و برینی نیّردراوی خودا و دەســتە و تاقمەکەی لەم ناوچەیەدا. ئەمە بووە هۆی دەرکەوتنی ئیرادەی بە هیّزی خودا و ســزادانی تاوانبارەکان و بە دیمانەکردنی ئەم ڕووداوە مەزنە بۆ وەچەکانی داهاتوو.

کە پاش ماوەیەک لە دالاّنی زەمەنەوە و بە ســەحرایەکی قاقــڕدا تیّپەڕین، لە ناوچەیەکی هەرە شــاخاوی و ڕووبەریّکی چیمەنی مەخمەڵ ئاسادا گیرســاینەوە. هیّشتا ملە و لووتکەی چیاکان ئاســەواری زستانیّکی تووشی پیّوە دیار بوو. پاشماوەی ڕندووە بەفرەکانی زســتانی ڕابووردوو. لە داميّنەکاندا دارستانی پــڕ لە جریوە و تریوەی باڵندەکان، تــەژی لە چاوگ و کانیاو و ڕووبــارەکان، لیّوانلیّو لە گــوڵ و پەپوولە و وزەوزی هەنگ و میّشە جۆراوجۆرەکان. تابلۆ فەرشیّ، پیّکهاتوو لە سەدان ڕەنگی سروشــتی، بەرگیراو لە گۆشە نیگای بەهەشتی وەعدە پیّدراوی خوداوەند. هەروا کە مەحوی تەماشــای دیمەنە ڕازاوەکانی سەر

ڕێی سەفەرەکەمان بووین، لە زنیەکی خرۆشان کە بە درێژایی تەمەنی بوبووە گەردنبەندێکی پێچاوپێچی ڕۆچوو بە ناخی چیاکاندا تێپەڕین. پاش بە جێ هێشتنی چەند چیا و لا باسک، بە سەر وێرانەیەکی ئاوێتە بووی گڕ و دووکەڵ و خوێندا کەوتین. بە دەوری شاردا خەندەقێکی بازنەیی بەدی دەکرا. تا چاو حەتەری دەکرد لاشەی بێ سەر و ئەنجن کرا و شێوێندراوی پیاو و منداڵ. بە زەحمەت بتوانیبا تەرمی بێ گیانی ژنێکیان تێدا بدۆزیتەوە، ئەگەری ئەوە دەکرا کە بە تایبەت ژنەکانیان دەستچین کردبێت. خۆم پێ ڕانەگیرا و لە پیاوە خۆڵاوییەکەم پرسی:

- ئێرە کوێیە؟

تنۆکێک فرمێسک ڕێچکەیەکی لە گۆنا خۆڵاویەکەیدا شۆڕدەوە و بە ڕوومەتیا هەڵخلیسکایە خوارەوە و شوێنەواری جێ هێڵا:

- ناوچەیەک لە زاگرۆس!

- بێ شک دەبێ نافەرمانییەکی گەورەیان کردبێ؟

- نا لالۆ! هێشتا فەرمانیان وەرنەگرتبوو تا نافەرمانی بکەن!

ئەمجارەیان گومانم نەما کە پیاوە خۆڵاوییەکە بە ڕاستی تووشی خەفۆکی بووە و لە ورێنە کردندایە. جا چۆن گەڵێ هێشتا فەرمانیان وەرنەگرتووە و دەرفەتی نافەرمانیان پێنەدراوە ئاوا بە تووندترین شێواز کەوتوونەتە بەر قین و غەزەبی خوداوەندی

عادڵ و ڕەحمان...؟!

لە سەر داواکاری پیاوە خۆڵاوییەکە ئەو ئاقارە پڕ لە گڕ و خوێنەمان جێهێڵا. ڕوومان کردەوە دامێنی ئەو زنجیرە چیایەی پێیدا تێپەڕیبووین. با، بەرامەی خۆڵی ناوچەکانی بەر لە خۆمانی هاوردە دەکرد. ئاشنا بوو. نیگام گوازرایەوە بۆ سەر و چاوە خۆڵاویەکەی سوارەکەم. قرتەی ددانی بە قەتارە دەهات. لەرینەوەی لەشی لە سەر پشتم هەست پێ دەکرا.

«بای بەرزایی ساردە، دڵ و ناخ دەگرێ»

بێ ئۆقرەییەکی قووڵ بە ڕووخسارییەوە دیار بوو یا ڕەنگە سامێ...

چاومان چەقییە سەر جەماوەرێ، لە ناو دڵی چاڵێکی هەڵکەندراودا. لەو لاترەوە کۆمەڵێکی دیکەش ئاخێندرابوونە ناو دۆڵێکی دەستکردەوە. تا دەچووینە پێش تاقمێکی نوێمان دەهاتە پێش چاو، بە ژن و پیاو و پیر و لاوەوە. پێم سەیر بوو ئەم مرۆڤانە هۆی چیبووە خراونەتە ناو ئەم چاڵە دەستکردانەوە. لە ناویاندا سەرنجم چووە سەر زارۆکێ کە داپۆشەکەی، بەرگێکی شینی ئاسمانی بوو، تۆپە لاسقەیەکیشی خستبووە بن باخەڵی، چڵمن و چڵکن و زیتەڵە. لە تەنیشتیەوە پیاوێ بە ناو چاوانێکی چەتوون و ڕیشێکی مام ناوەندی بۆز، هەڵتروشکابوو، بە بەزەییەوە نازی کەزیەی منداڵەکەی ئەکرد. لە ناکاو، لەو دیو بارستایی و کۆگا خۆڵە هەڵدراوەکانەوە، مەکینە گەورەکان هورووژمیان هێنا

و کەوتنــە پڕ کردنەوە و تێکردنــەوەی چاڵەکان. لە یەک ئان و ســاتدا قیامەت بەر پا بوو. ئەو کەســانەی دەیانویست گیانیان بــدەن بە کۆڵیاندا و دەرباز ببن و نەکەونە ژێر لافاو و هەرەســی گڵ و خۆڵــەوە، ئەوا بە تیر و گوللــەی جەندرمەکان دەپێکران. تەمتۆمانی خۆڵ و قریشــکەی منداڵ و شــریخەی تفەنگ و هارەهارێ مەکینەکان تا عەرشی ئەعلا ڕۆیی و پەرەی گوێی ئاســمانی هێنایە لــەرە. خۆڵ زاری منداڵەکەشــی ئاخنی و لە زریکەی خست. لە پیاوە خۆڵاویەکەم پرسی:

- ئەی تاوانی ئەمانە چییە؟! ئایا فەرمانی خودایان پێشــێل کردووە؟!

لەو دیو ســیما خۆڵاوییەکەیــەوە، کڵپەی هەناوی پژمی و دای لە پرمەی گریان. دوای قەیرێکی زۆر گوێم لێبوو بە دەیان جار لە ژێر لچیەوە دووپاتی دەکردەوە کە:

- نازانم، بڕۆ لە خودی خودا بپرسە!

- نازانم، بڕۆ لە خودی خودا بپرسە!

- نازانم. بڕۆ لە خودی خودا بپرسە...

دواتر بەوەم زانی کە خۆڵی سەر جەستەی سوارە خۆڵاوییەکەم هەمان تۆز و خۆڵی چاڵە دەستکردەکان بووە.

تەتەرەی دڵیماننا

■

«ئەم خانووە، ماڵی هێراکلووسە، هەر کەس پێی بنێتە ناوی، پەنا دەدرێ»*

نەریت وا بوو هێرا، شاژنی زێئووسی خوداوەندی خوداکان بە پێی بڕیارێ، لە ئەشکەوتی کەرەفتوودا داڵدە و پەنای کەسە لێقەوماوەکانی ئەدا کە بە هەر هۆکارێکەوە لە سووڕانی بەرداشەکانی ژیان فڕێدرابوونە دەرەوە و لە هەوڵی پەناگەیەکدا بوون بۆ حەوانەوە و دەستگیرۆییان. پێش ئەوەی پەنا بدرێن، لە بەر دەروازەی ئەشکەوتەکەڕا دەبووا چوارمیلکە دابنیشن و پاش گێڕانەوەی کورتەیەک لە بەسەرهاتیان، بۆ ماوەی حەوت کاتژمێر نەجوڵێن و بکەونە نزا و پاڕانەوە، بەشکوو هێرا بەزەیی بجووڵێ و دەروازە بەردینە مەرمەڕەکەیان لێ بکاتەوە و بیانخاتە ژێر چاوەدێری خۆیەوە و پەنایان بدات. دەگێڕنەوە زۆر جار هێرا «ژنوونی ڕۆمی» خوداوەندی ئاسمان و مانگ، هاوسەری زێئووس «ژووپیتێری ڕۆمی» لە بەر ئەوەی پەناگەکەی لە ڕەونەق

نەکەوێ و مەودای بەزمییەکەی پەرەپێ بدا و لە ناو گەڵەکاندا حورمەتیان وەمێنێ و هەڵنەبواردرێن، داوای لە زینووسی مێردی دەکرد، ئارەسی کوڕیان کە بە خوداوەندی وەبا و جەنگ و وێرانی دەناسرا بنێرێتە ناو هۆزەکانەوە و بدا لە تەپڵی شەڕ و بە گژداچوون و هەڵامە ســـاز بکا. بۆ ئەوەی پەناگەکەی هێرا ببێتە مەکۆی حەوانەوەی بێدەرەتان و شـــەڕلێدراوەکان و سووکنایش بگاتە دڵی خواژنی گەورەوە. ئارەس «مارســـی ڕۆمی» خوداوەندی قات و قڕی و کوشتن، بێ سەبرانە چاوەڕوانی فەرمانی باوکی بوو تا ببێتە کوتکێ و دابێتەوە بە سەر گەلەکاندا و بکەوێتە دابەزاندن و جـــێ بەجێ کردنی ئەمرەکەی باوکی. فاڵەکە ئەمجارەیان بە ناوی شاری حەوت شووره یا شاری ڕەنگەکان دەرچوو.

ماننا کوڕە وەرزێڕێکی ناوچەی ســـەکاکز* دەبێ کە سێ ســـاڵ لەوەبەر بە فەرمانی فەرمانڕەوای شـــاری ڕەنگەکان بۆ ڕەنگ کردنی حەوت دیوارەکەی دەوری شـــار بردرابووە پێتەخت و لەوێ بە گەرمی ســـەرقاڵی کارە پێسپێردراوەکەی خۆی دەبێ کـــە ماوەیەک لەوە پێش لافاوی وێرانی و شـــەڕ، ڕایدەماڵێ و بە گوێرەی ناوبانگی پەناگەی کەرەفتوو، ڕاپێچی ئەو ناوچەیە دەبێ. لەو ســـەر و بەندەدا هێرا، هێرمێس «مێرکووری ڕۆمی» خوداوەندی ڕێنیشـــاندەر بەرێ دەکا بۆ یارمەتی ماننا و تا پشت دەروازەی ئەشـــکەوتەکە، دەبێتە ڕێنمـــای. ماننا کە لە ئاگری شـــەڕێکی وێرانگەر قوتاری بووە و دەرد و ئازاری ســـەفەرێکی

دژواری لە چەنتەدایە، دڵەتەپەی چوونە ژوورەوەیەتی. دەکەوێتە سەر چۆک و هەردوو لەپی دەستی وێک دەنێ و بە نیشانەی دووعا پێلووەکانی دەبەستێ و بە سۆزەوە دەڵێ:

ـ هێرا! هاوسەری خوداوەندی خوداکان، خوداوەندی پاسەوانی لێقەوماوان، خوداوەندی مانگ و ئاسمانەکان، بەزەییم دەوێ. تکایە دەرگاکەتم بە ڕوودا بکەرەوە، تکایە لە سۆزی خۆت بێ بەشم مەکە، تکایە...!

ماننا بە بەرگێکی ڕیشاڵەوەبووی ڕەنگاوییەوە ماوەیەک لە ڕێی وەڵام مایەوە. دەنگێکی نەرمی سۆزاوی ژنانە، لە دالآنی دەرەوەی ئەشکەوتەکەڕا، تەتەرمیەکی خستە دڵیەوە:

ـ بەسەرهاتەکەت بگێڕەوە، بە بێ درۆ و پێوەنان، ئەگەر لەم مەرجانە دەربچی، وەرناگیردرێی و دەرگاکە بە ڕووتدا ناکرێتەوە و دوور دەخرێیتەوە و تاسەر بە تەنیا و سەرگەردان و لە چاوەڕوانیا دەمێنیەوە. هۆشت بە زمانتەوە بێ، نەدۆڕێی!

ماننا هەناسە و هیوایەکی وەبەر گەڕا، لەوە پێش بیستبووی کە گوتووبویان:

ـ «خوا لاڵە! بۆیە هەر کەسێ ڕاست بووەتەوە و بۆچوونێکی داوەتە پاڵ»

بەڵام ئەمە نە خەو بوو، نە خەیاڵ، بەڵکوو خودی هێرا بوو لە بەر دەروازەی ئەشکەوتەکەی کەرەفتوودا ڕاستەوخۆ لە تەکیا ئەدوا. تەکانێکی بە خۆیدا، بووخچەکەی شانی کردەوە و داینا.

لە حاڵێکدا کە لەرز و شپرێوییەکی ئاستەم بە دەنگیەوە دیار بوو، کەوتە گۆ:

- من ماننا کوڕە وەرزێرێکی ناوچەی سەکاکزی سەر بە ئیمپراتورییەتی مادی مەزنم. وەک بیستوومە یەکەم خەونمان لە کەنارەکانی زەریای باکووردا پێ گەیشتووە، لە تووڕای عیبریدا ناومان هاتووە، میری گەورەم دیاکۆشا بۆ یەکەم جار پێتەختەکەی لە بنارەکانی ئەلوەندا پێک هێنا کە بە هەگمەتانە دەناسرێ. هەگمەتانە بە شاری قەسری حەوت حەسار ناوی دەرکردووە. دەگێڕنەوە چێوەی حەسارەکانی ئەم شارە مەزنە، لێکچوویەکی لە ڕادەبەدەریان هەیە لە گەڵ ئاتێن، پێتەختی یونانی مەزن. ئەم حەوت حەسارە بە شێوەیەکی بازنەیی بە دەوری شاردا ساز کراون و هەرکامەشیان بە ڕەنگێکی جیاواز بۆیاخ و تا بەرە و ناوەند دەڕۆی، دانە وە دووی دانەدا، بەرزتر دەبنەوە. من و چوار هاوڕێی دیکەم لە لایەن گەورەکەمان، ئەژدیهاک شاوە شەرەفی ئەوەمان پێ بەخشرابوو، حەسارەکان بە ڕیز: یەکەم بۆیاخی سپی، دووهەم ڕەش، سێهەم ئەرخەوانی، چوارەم شین، پێنجەم نارنجی و شەشەم بە زیو و دوا دیوارەکەش بە زێڕ وەرازێنین. بارەگای میری گەورە ئەژدیهاک شا و خەزێنەکانی لە دوا حەسار و لە ناوەندا جێگیر کرابوون. شارێ پڕ لە گوڵ و باڵندە، شارێ لە هەموو ڕەنگ و ڕوخسارێکی تێدا بەدی دەکرا. خەڵک لە ئاسایش و تەباییدا ژیانیان دەبردە سەر و لەم سەراوسەری دونیادا بە شاری ڕەنگەکان

ناوی دەرکردبوو. شـــاری پەرتووکەکانی گەنج نامە و شـــاری خەونە ڕەنگاوڕەنگەکان. تا لە ناکاو هێرمێس خوداوەندی شـــەڕ و پێکـــدادان، لاپەڕەی لێ هەڵدایەوە و ملۆزمێکی بۆ تاشـــین. کچەزایەکی ئەژدیهاک شا، کوروش، کوڕی ماندانا خاتوون، بە یارمەتی بابلیەکان کە دوژمنی سوێند خواردووی باوە گەورەی بوون، هێرشیان کردە سەر پێتەختی ڕەنگەکان و ئەژدیهاک شایان بـــە دیل گرت. هەگمەتانە بێ ناز کەوتەوە و خرایە بەر دەســـتی نەیـــاران و دوژمنانی ئیمپراتووریەتی مادی مەزن. هێرا! خواژنی گەورە! ئێســـتا ماننا لێقەوماوە و بێ دەرەتان، بێ گەورەیە و بێ پادشـــایە. تکات لێدەکات ببیە پەناگەی و لە بەزەیی خۆت بێ هیوای نەکەی...

هێرا، خولیایەک لە مێشکیا بوو، ویستی ئەو خولیایە زیاتر بکاتەوە، لێی پرسی:

- ماننا دڵنیای لەوەی کە وڵامەکەت ڕاستە و چەواشەکاری تێدا نییە؟!

- هێرای مەزن! دڵنیام لەوەی کە ئەیڵێم و گومانم لە ڕاستی وڵامەکەم نییە!

هێرا دەیزانی؛

«مرۆڤ تەنیا بینایەکە تا پتر بلەرزێ زیاتر ڕەگ دادەکوتێ و قایم تر دەبێ»

هەر بۆیە کەوتە یاری لە گەڵیا:

- زیپیا* و ئارماسیت* نایاتەوە بیرت؟!

دەست بە جێ ماننا هەستی کرد دۆڕاوە. نزیک بوو لە هۆش بچێ، بەڵام هێزێ لە ناخیەوە ڕایگرت. دەنگێ پێی گوت: خۆراگر بە، ئەمە تاقی کرنەوەیە، ئەگەر خاڵ نەدەی ڕەنگە هێرا بە هەڵەدا بچێ و یارییەکە ببەیتەوە. بە خۆیدا چووەوە و هەناسەیەکی بەر خۆیدا و ڕاشکاوانە و بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- تا ئێستا ئەم ناوانەم نەبیستووە!

- یارمەتیەکت ئەیەم. دوو قەڵای بە هێز بوون لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی مانناکاندا لە ناوچەی سەکاکز کە دەبێتە دەور و بەری زێدەکەت، هەنووکەش نایاتەوە بیرت؟!

ماننا بەڕاستی ڕابوردووەکەی خۆی لە بیر چوبووەوە تا ئەو کاتەی کە هێرا ناوی قەڵاکانی زیپیا و ئارماسیتی هێنایەوە بەر باس. ئەو دوو قەڵایە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە لایەن باو و باپیرانیەوە لە هێرش و پەلاماری دەوڵەتانی ئاشوور و ئوراتوورەوە پارێزراو بوون، یەکێک لە پادشاکانی ئاشوور بە ناوی سارگێنی دووهەم لە هێرشێکی بێ ئاماندا پێتەختی مانناکان دەخاتە بەر پەلامار و پاشاکەیان بە ناوی ئێراندووز دەکوژرێ و قەڵاکانیش بێ پشتیوان دەمێننەوە. لە ئەنجامدا سارگێنی دووهەم، دەست بە سەر قەڵاکاندا دەگرێ. دواتر کە ئیمپراتووریەتی مادەکان پێک هات و دیاکۆ بوو بە ڕەمزی یەکگرتن و یەکخستنی شانشینە بچووکەکان و بە دەستی ئەوان ئاشوورییەکان شکێندران، گەلی

ماننا شادمان بوون و هەستیان بە قەرەبووبوونەوەی ئازارەکانیان کرد، بەم بۆنەیەوە بڕیاریاندا لە ناو ئەم ئیمپراتۆریەتە مەزنەدا کە لە ئەفغانستانەوە تا شام باڵی کێشابوو، بتوێنەوە و بۆ هەتا هەتایە نیشتەجێ ببن، هەست بە شانازی بکەن بە مەملەکەتەکەیانەوە و خەمی ئەوەشیان نەبێ کە ناسنامەی خۆیان لە بیر بچێتەوە. ماننەاش یەکێک بوو لەو کەسانە کە هەستی دەکرد خوێنی ماد لە دەمارەکانیا دەجووڵێ و لای ببوو بە باوەڕێکی بە هێز. دەشیزانی کە ناتوانێ لەوە زیاتر هێرا بجەڕێنێ و گومڕای بکا. تێفکری لەوەی کە بۆ وا بە زەلیلی ببووە کەرەستەی یاری دەستی خواکان؛ هێرا «ژنوونی ڕۆمی» خوداوەندی داڵدە و بەزیی و ئارەس «مارسی ڕۆمی» خوداوەندی قات و قڕی و جەنگ. چەند بە زەبوونی کەوتبووە سەر چۆک، بەشکوو سیلەی بەزەییان بجووڵێ و لە سووچێکی ئەم ئەشکەوتە سارد و سڕەدا بۆ ماوەیەک لە دەستی تەقدیر بیشارنەوە و حەشاری بدەن. خۆی زۆر بە کەم هاتە بەرچاو؛ «مەرگ جارێ و شیوەن جارێ» هەستایە سەرپێ و بە دەنگێکی ڕاشکاوانە گوتی:

ـ هێرا! خوداوەندی ئاسمان و بەزەیی! من لێرەدا ئاشکرای دەکەم کە هەڵە بووم. بۆ من شەرم و جێی داوەشینە کە لەوە زیاتر وەک سەگی بەر قاپیەکەت، کلکم ڕاوەشێنم و لمۆزت لێ خشکێنم و بکڕووزێمەوە. باوەڕم هێناوە کە مردن جارێکە و ترس و بێ ئامانیەکەشی سەدان جار. لەمە و دوا، بڕیار ئەدەم کە بە

پشـــتیوانی ئاتنە؛ «مینرۆی ڕۆمی» خوداوەندی سپەر، میری ئاوەز و هونەر، بە گڕ ژیاندا بچمەوە و بەڵێن بێ تا دەســــتەمۆی نەکەم، نەحەسێمەوە...

قاقایەکێ بە کوڵی ژنانە چنگی لە دیواری ئەشکەوتەکە دەگرت و خەریکی ئانەوەی تەتەرەیەک بوو لە دڵی ماننادا ...

ژێدەر

* ئـــەم وتەیە بە زمانی یونانی لە ســـەر یەکێ لـــە دەروازەکانی ئەشـــکەوتی کەرەفتوو ســـەر بە ناوچەی ســـەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردوســـتاندا هەڵکەندراوە. پێویســـت بە ئاماژەیە کە مێژووی ئەم ئەشکەوتە دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژوو.

* سەکاکز لە کۆندا بە شاری سەقز گوتراوە.

* زیپیا لە کۆندا بە قەڵای زێویە سەر بە ناوچەی سەقز گوتراوە.

* ئارماسیت قەڵایەکی بە هێزی ماننا کان بووە لە پێنج کیلۆمەتری قەڵای زێویە، سەر بە شاری ســـەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

مانِنا و سەفەرێکی خۆخواز

■

هێـــزا؛ «ژنوونی ڕۆمی» خوداوەندی ئاســمان و مانگ و بەزەیی، هاوســـەری زێئووس؛ «ژووپیتێری ڕۆمی» خوداوەندی خوداکان، پـــاش ئەوەی کە مانِنا، ڕەنگرِژێکی پەرتەوازە بووی هەگمەتانە، بە کردەوەیەکی نەشـــیاو، بوو بە هۆی تووڕەکردنی ئەو و ڕەگەی ڕقی هەناوی ژیاندەوە و لمۆزی لە خاکدا، وێنەی مـــاری کۆڵەوار، ژان، ڕاپێچی کـــرد و کەوتە نانەوەی کەتنێ لە ســـەر ڕێی مانِنـــا و بیری لە پیلانێکـــی خوداوەندانە کردەوە تا جومگەکانی پێ بنووشـــتێنێتەوە و بیهێنێتەوە سەر چۆک و لەو ناکارەی کردوویەتی پەشـــیمان بێتـــەوە و داوای لێبووردنی لێ بکا. لەم لاشـــەوە ئاتنە؛ «مینـــرۆی ڕۆمی» خوداوەندی ســـپەر، میری ئاوەز و هونەر، دوای هەڵچوون و بە گژداچوونی مانِنا، ڕۆحێکی ســـەرکێش و یاخی لـــە دەروونیا بەدی کرد و بڕیاریدا باڵەکانی خۆی بە ســـەریا بکێشێ و بیخاتە ژێر سێبەر و چاوەدێری خۆیەوە و لە دۆزینەوە و دەســـتەمۆ کردنی ژیاندا بە

هانایەوە بێ. بەڵام نەریت وابوو تا لە لایەن کەسێکەوە بانگهێشت نەکرابا، ئاتنە، دەستی یارمەتی بۆ درێژ نەدەکرد. هەر بەم بۆنەیەوە، لە چاوەڕوانیدا مایەوە، تا بەشکوو مانتا بە هۆگریەوە، بکەوێتە شوێنکاتی ئاتنە و یارمەتی لێ بخوازێ.

دوای ئەوەی مانتا لە بەر دەروازەی ئەشکەوتی کەرەفتوودا بەرهەڵستی نەریتی باوی خوداوەندی بەزیی، هێرا بووەوە و لە پاڕانەوەی بۆ پەناگرتنی لەو پەناگەدا، وەک یاخی بوونێ، پاشەکشەی کرد، ناشارەزا یا لە مەڕ بەسەرهات و ڕابوردووەکەیەوە، بە هەڵە دووا و، پێشێلکاری نەریتی باوی کرد و دواتر کەوتە بەر قین و تووڕەیی خواژنی گەورەوە. هێرا، بڕیاریدا، کۆ وێردێ، بەرهەم هاتوو لە سێ ئاکاری دەروونی خۆی، ئاوێتەی ڕۆحی مانتا بکا و تەمێکی تەنکی پەڕەئاسای ڕەش بە سەر گلێنەی چاویا بکێشێ. هێشتا مانتا، بوخچەکەی لە شان نەکردبووەوە و دوا دالانی بێ دەروازەی ئەشکەوتەکەی جێ نەهێشتبوو کە چاوەکانی لە ڕەشەوە هاتن و ترپەی دڵی کەوتە قۆناغی بەرز بوونەوە. تەتەرە و ترسێکی لە ڕادەبەدەر، باڵی بە سەر گیانیا کێشا. هەستی کرد بوومەلەرزەیە و گڕکانە و ڕوویەری ئەشکەوت لە شەق بردندایە و خەریکە دەم ئەکاتەوە. لەرزی، وەک تاقە گەڵایەکی ڕەنگهەڵگەڕاوی پێوەماوی پاییزی دارچنارێ، لە ڕووی خۆر و لە بەر وژە وژی بای شەماڵدا. هێرای قیناوی بوو کە تۆوی تەنیایی و چاوەنواری و سەرگەردانی لە دەروونی

ماننادا چاند. ئان و سـاتی چووزەرەدانی لاسقە گیایەکی سێ چووکــە لە ڕووبەڕی ناخیـا. دەنگێکی زیکــەداری ژنانە بە گلۆڵەیی، ڕاپێچــی ئەم بەراو بەری دیوارە بەردینەکەی دالانی نەشکەوتەکە بوو:

ـ ماننــا! کوڕە ڕەنگڕەژە لێقەوماوەکــە! نەتزانیبوو بڕیاری خوداکان یەکێکە و پاشــگەز بوونەوەی نییــە و پێداچوونەوەی مەحاڵە؟ نەتزانیبوو ئەگەر مرۆڤێ بیهەوێ هەرکام لە خوداکانی دەســتەڕۆ بکا و تەفرەیــان بدا، بۆ هەتا هەتایــە دەکەوێتە بەر ئاگــری ڕق و دواجار، ســزا تایبەتییەکانی خۆی بە ســەریا دەســەپێنێ؟ فەرامۆشــت کردووە پێش ئەوەی بەسەرهاتەکەت بگێڕیتەوە، ئــاگادارم کردیتەوە کە؛ ئەنجامی چەواشــەکاری ســزایە و نەخەڵەتایی بدۆڕێیت و تا تیرت بسڕ دەکا، بە هەڵەدا نەچی و هۆشــت بە زمانتەوە بێ؟ ئێستاکە، ئەمە دەسپێکە بۆ تۆ، سەرەتایەکی ڕەشــی بێ ڕۆژنە و بێ ڕووناکی لە چارەتا. لە ڕێکەوتــی ئەم چەواشــەکاری و یاخــی بوونەتەوە، وەک ڕووهەڵماڵیوێکی ئابڕوچووی دەرکراو، تەنیا دەکرێی؛

«لە ئەزەلەوە تەنیایی داپۆشێکی ڕازاوەی یاخی بووەکانە»

پاشان وەک شەمشەمە کوێرەیەکی ناو بوومەلێڵی ئێواران، پەتای سەرلێشێواوی دەتگرێ؛

«لــە ئەزەلــەوە سەرلێشــێواوی، ژێر پۆشــێکی ڕازاوەی بەرهەڵستکارەکانە»

دواتر وەک کووندە پەپوورێەکی نەجوولی سەر پەلکە داری دارستانێکی وشکارۆ، بەردەوام بە دوو چاوی کراوەی زەقەوە چاوەنوارِ دەکرێ؛

«لە ئەزەلەوە چاوەڕوانی ڕووپۆشێکی ڕازاوەی لادەرەکانە».

لە ئەنجام و لە گێژەنی ژیاندا، دەبیتە یاخی بوویەکی چارەڕەشی تەنیا و سەرلێشێواو و چاوەنوارِ.

مانناى لاشەڕی بێ خودا! لە یادت بێ ئەم سێ بەرگە ڕازاوەیە، تایبەتە بە هاوچەشن و هاومەرامەکانت و هەرگیز نابێتە داپۆشی جەستەی پەنادراوە لێقەوماوەکانی نێو ئەم کۆنە ئەشکەوتەی کەرەفتوو!

ماننا وەک کوتەڵەیەکی تازەزاوی ئاژەڵێک، لەرزە لەرز هاتە سەر چمکان و بە لادەرگای دەروازەی ئەشکەوتەکەی کەرەفتوورا خۆی گرتەوە و هاتە سەر پێ. بێ ئەوەی ئاوڕ لە دەرگا مەرمەڕەکە بداتەوە و توانسای وەڵام دانەوەی هێرا؛ «ژنوونی ڕۆمی» خواژنی گەورەی بێ، لەچکی بووخچەکەی وەدووی خۆیدا، بەرە و دەستەمۆ کردنی ژیان و چارەنووسێ کە خۆی دیاری کردبوو، پەلکێش کرد. ئاتنە؛ «مینرۆی ڕۆمی» خوداوەندی سپەر، میری ئاوەز و هونەریش، بێ سەبرانە چاوەڕوانی دەم بزووتن و یارمەتی خواستنی ماننا بوو. خوداوەندی هزر، باش دەیزانی کە:

«سەربووردەی مرۆی یاخی، ئاوێنەی جەنگ و

بەرەنگاربوونەوەی خوداکانە، ئەم سەربووردەیە؛ تەژییە لە ترس، پڕە لە ژان، لێوانلێوە لە مەرگ و ژیانەوەی چەند جارە. ئەم سەربووردەیە؛ تایبەتە بە مرۆیەکی ڕەنگ ڕەژی یاخیەوە کە نایهەوێ وەک پەنادراوێکی دەستەمۆی هێسرا؛ خوداوەندی بەزمیی، ڕۆحی داگیر بکرێ و بێ پەل و پۆ، بتاخندرێتە نێو قەفەسی ئەشکەوتی کەرەفتوورەوە»

ئاتنە، باش دەیزانی کە؛ کەژەرێیەکی سەغلەتە رێگا هەڵبژێردراوەکەی ماننا و بە بێ پشتیوانی ئەو مەحاڵە بگاتە جێ و بە ئامانج بگا.

ماننا، بە دڵێکی کۆڵەوار و جەستەیەکی ماندووەوە، لە بەر دەروازەی ئەشکەوتی کەرەفتوورا، لارێی گرتەبەر، بەشکوو دەرفەتێکی بۆ برەخسێ بە لاشانی ئەشکەوتەکەوە بەرە و ژوور هەڵزنێ و لە سەر بانی ئەشکەوتەکەرا بۆ ماوەیەک پشوو بدا و بیر لە توێشووی سەفەرێکی خۆخواز بکاتەوە. ڕەگەیەکی ڕەش، هەڵەی دەخستە بیناییەوە و تووشی کەم بینی دەکرد. خڕکە و تاشە بەرد و تاوێری ئەو ناوەی، بە زەحمەت لێک هەڵدەبوارد. لە گەیشتندا، پڕ بە دڵ هەستی بە تەنیایەکی لە ڕادەبەدەر کرد. پەتا و لەرزە، جێی نەهێشتبوو. هاڵاوێکی سووتێنەر لە ناخیەوە هەڵدەکشا و خۆی لە دونیای ئازاددا دەرباز دەکرد. کەوتبووە بەرزی. ڕوانییە دەور و پشتی، تاچاو حوکمی دەکرد چیا و دۆڵ و خاکێکی مەیلە و سووری قاقڕ و ڕووت. شێواو و لانەواز و بێ

کەس و بێ خوا مابووەوە. نەیدەزانی ڕووە و کام لا ئاڕاستە بێ. ئەژنۆکانی لە باوەش نا و لاڕوومەتی نایە ســەر کەڵکەکانی. دڵی ختوورەی ئەدا کە دەستێ لە شوێنێکی نادیارەوە بە هانایەوە دێ. لــە چاوەڕوانیەکی مەرگاویدا مایــەوە. ئارام پەلکێش بوو بەرە و دونیای خەونەکانی، ڕەنگە ئاتنە، ویســتبێتی لە ڕێگای خەونەکانیەوە ماننا بە سەر وەکا، بێ ئەوەی نەریتەکانی خۆیشی پێشێل کردبێ ...

لە کۆنەوە گوتوویانە:

«لە سەر هیچ ڕێیان مەخەوە، هیچ خەونان نابینی.»

واتە:

«ڕێگایە، داخوازی خەونە و بێ خەونیش، بێ ڕێگاییە!»

ژێدەر

* تێبینی: ئەم چیرۆکە درێژەوەبــووی چیرۆکی «تەتەرەی دڵی ماننا»یە و بە تەنیاش دەچێتە چێوەی چیرۆکێکی سەربەخۆوە.

##ماننا و خەونێکی بێ کۆتایی

■

«ناوچەکانی خـــەون، قەدەغە ناکرێن و پەرژینەکان، بەوێ نامۆن»

ماننـــا، کەوتبـــووە چەقی خەونێکی بێ ســـنوورەوە. ببووە ڕێبـــواری کەژە ڕێیەکی ســـەغڵەت و ســـەرقاڵی ڕێپێوانێکی ئاهوورایی بوو لە بەســـتێنی خەوە کەروێشـــکەیەکدا. تا ئاتنە؛ «خوداوەندی هزر و هونەر» لە شـــەمایلی پیرە پیاوێکی شیرین کەلامی ڕوومەت ڕوون و ڕدێن سپیدا، وەک کارگە بە سورکەی پاییزی لە قەراغ ڕێیدا دەرتۆقی.

ـ چییە لالۆ؟! دەڵێی هێرکولی و دونیات سەرشـــانی ناوە و خەریکە بە عەرشدا هێور و نەرم هەڵدەزنێی؟!

ماننـــا کە لـــە بوومەلێڵی خەونەکەیدا کتوپـــڕ لووتی بەر کەپووی زەلامێکی کۆنەســـاڵ کەوتبوو، ڕاچڵەکا. قورســـایی نیگای خستە سەر ڕدێنە سپیەکەی و بۆچڕووکی هەناسەیەکی مەودا داری دایە دەرەوە و گوتی:

- ڕێگایەکی تووشـــم بڕیوە و وێڵم بەدوای شتێکدا، ناشزانم چۆنە و چییە و لە کوێیە! شەکەتم، زۆۆۆۆریش شەکەت...

پیرە پیاوە کۆماوە ئێسک سووکە لەبز شیرینەکە، هەڵوەدای باوەشـــە بەردێک بوو، دۆزییەوە و بە یارمەتی گۆچانەکەی لە سەری هەڵترووشکا:

- لالـــۆ! وادەردەکـــەوێ یاخی بووی و بە گـــژ خوداکاندا چوویتـــەوە، واش پێدەچـــێ؛ کەوتبیتە بەر ڕقیـــان و لە ئەماندا نەمابی، ئەی ئێستا لە چی دەگەڕێی؟!

- لە ژیـــان! دەمهەوێ بیدۆزمەوە و دەســـتەمۆی کەم و بە هێزا و زێئووسی نیشان بدەم کە؛ بێ بەزەیی و یارمەتی ئەوانیش دەکـــرێ کە بگەم بە ژیان و کەوی بکەم. نامهەوێ چیتر لێیان بپاڕێمەوە و بکەومە بەر پێیان و ببمە کاسەلێس و کلک بادەریان. چاوەڕوان بم کە سیلەی بەزەییان بجووڵێ و بۆ ئاوڕێکیان؛ هەزار جار ســـووک و چرووک بکرێم و هەموو ساتێ لە شەرما ببم بە دڵۆپێ ئاو و بە زەویا ڕۆچمە خوارەوە.

- ئەی بۆ دەســـتە و داوێنی ئاتنـــە؛ «میری ئاوەز» نابی؟ بێگومان ئەو لەم بارەوە، زانیاری تەواوی پێیە، دەتوانێ بتگەیەنێتە سەر مەنزڵی ژیان؟!

مانتا، هەستی کرد ئەم پیرە مێردە، هەرەی لە برەی دەکاتەوە و چەنتەی شـــتێکی تێدایە. بەرە و پیری کشـــا و لە تەنیشتی هەڵکورما:

ـ کاکــه مام! ئەوەندە تاڵی و ســوێریم لە دەســت خوداکان چێشتووە، بەرامبەر بە هەمووان بێ باوەڕ بووم، هەر لە دەسپێکی تەمەنمــەوە تا ئێســتا، جێ پەنجەی خوداکانی پێــوە دیارە. لە ناوچەی سەکاکز، ئارەس؛ «خوداوەندی قات و قڕی و کوشتن» بڕیاری شــەڕێکی وێرانگەری بەسەرماندا سەپاند. پاشان وەک ڕەنگڕەژێ بانگهێشت کرام بۆ هەگمەتانە پێتەختی ڕەنگەکان و ماوەی چەند ســاڵ سەرقاڵی ڕەنگڕەژی دیوارەکانی دەوری شار بووم کە؛ دیســانەوە کەوتینە بەر پەلاماری دەستی شەڕەنگێزی ئارەس، کەلەلا و بێ دەرەتان، ڕوومان کردە ئەشکەوتی کەرەفتوو، مەکــۆی داڵدە و بەزەیــی، کە دواتر لێم ڕوون بــووەوە، ئەوێش ئەو پەناگە و حەســانگەیە نییە کە چاوەڕوانــی بووم، بەڵکوو بەندیخانەیەکــی گەورەیە و تا مەرجەکانــی بەندییەکی تەواو عەیارت تێدا نەبێ، وەرناگیردرێیت و ناچیتە ژێر سێبەری بەزەیی هێرا؛ «خواژنی گەورە»وە. تا چەشــنی کوویە و گۆزەڵە سەدان جار، بە بەرد و دارتا نەدات و لە ســەد لاوە درزت تێ نەکات و نەتشکێنێ و نەتپرووێنێ، ئۆخژن بە دڵی ناگات و لێورێژ نابێ لە تام و چێژی گەمەکەی.

وا هەست ئەکەم ئاتنەش، یەکێکە لەوان و دڵم بەرایی نادا و ئاو ناخواتەوە. ئاگاداری ئەوەشم کە؛ «هیچ خەنجەرێ، دەسکی خۆی نابڕێتەوە». بۆیە ئەوەندە بوغز گرتوومی و لە ناخما پەنگی خواردووەتەوە کە تەنانەت ئامادەش نیم دەستە و دامێنی ئاتنە ببم

و یارمەتی لێ بخوازم ..

ئاتنە، باش دەیزانی کە؛ «هەر خودایەک تایبەتمەندییەکی نەگـــۆڕی هەیە، ئەویش کردەوەکەیەتـــی» و «خوداوەندکان لە ڕووی دوونیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان» و «شەڕ، ئاشتی، ڕق، بەزەیی، خۆشەویســـتی و ... ئەو تایبەتمەندییانەن کە کات و شـــوێن ناناســـن و تەمەنیان بەندە بە تەمەنـــی خوداکانەوە». دەشـــیزانی کە ئەگـــەر، ماننا، ڕۆژێ لـــە ڕۆژان، بەم واتایانە بگات، ئەوا دەبێتە کوتکێکی بە تەوژم کە بەر ڕۆحی دەکەوێ و لە گرێژنەی دەبا و بێ هیوا دەست لە هەموو شتێ دەشواتەوە و تاقە ڕێی «مەرگ» هەڵدەبژێرێت. ئەوەشی دەزانی کە پاش ئەم دەرکەوتەیە و مەرگی ماننـــا ماوەی خودایەتییەکەیان کۆتایی پێ دێـــت و گەمەکانی نێو ئەم کەوشـــەنەش، تەنیا بە دەردی لاپەڕەکانـــی مێژوو دەخوات، ئەویش بـــە بێ خوێنەر!. هەر بۆیە کەوتە خۆ ڕێگەیەک بخاتە بەردەمی ماننا، بەشکوو دڵخۆشی بکات و ئەوەندە سەرقاڵ ببێ کە؛ بیر لە کردەوەی خوداوەندەکان نەکاتـــەوە. دوو ڕێی هاتەوە یاد؛ یا بینێرێتە ســـەر زێی گەورە و هێڵەکێکی بداتە دەســـت و لێی بخوازێ کە بەردەوام و نەپســـاوە لـــە ئاوی چۆمەکە هەڵێنجێ، تـــا جارێ لە جاران بتوانێ پڕ بە هێڵەکێ ئاو ڕاگوێزێ بۆلای و ئەمیش لە باتی، ڕێی دەستەمۆ کردنی ژیانی پێ نیشان بدات، یا بێ وچان بکەوێتە شوێن هەورە ئـــاوس و باران گێڕەکان و دوای تاوێکی بە گوڕ و داتەکاندنیان

و دەرکەوتنی کۆلکە زێرینە، بە پەلە بیگاتێ و لە باوەشـــی نێ و بە خۆیەوە ڕایمووسێ.

ئاتنە، لە شەماییلی پیرەپیاوەکەدا و بە یارمەتی گۆچانەکەی هەســـتایە سەر پێ و چەند هەنگاو لە ماننا دوور کەوتەوە و ڕوو لە کۆمەڵێک هەوری ڕەشی ئاوس کە لە ئاسۆوە دەرکەوتبوون، ڕاوەستا و لە حاڵێکدا کە پشتی لە ماننا بوو و چاوی لە چاوی هەڵکەندبوو، بە نووزەیەکی پیرانەوە گوتی:

ـ لالۆ! وادیارە چەرمەســـەری دونیات بە ســـەردا هاتووە و لە ڕادەبەدەر چەوســـاویتەوە، لە دڵمەوە بـــۆت بەداخم و لە گەڵتا هاو ســـۆزم. ئەگەر لێـــم وەربگری و لـــە ئامۆژگارییەکانم لا نـــەدەی، دەمهەوێ کەمێ لە مەینەتییەکانت کەم بکەمەوە و بە ئاسوودەییت بگەیەنم. ئایا دەتەوێ ژیان دەستەمۆ بکەی؟ ئەگەر گوێ بە قســـەکانم بدەی، بۆ ئەم کارە، ڕێگایەکت دەخەمە بەر دەم، پێویستیت بە ئاتنەش نەبێ؟!

ماننا وزەیەکی هاتەوە بەر و تینی بە قسەکەیدا:

ـ کاکـــە مام! ئایا ئەم قســـەیە ڕاســـتە و دەتوانی خۆت لە کاروباری خوداوەندەکان هەڵقورتێنی؟

ـ لالـــۆ! ئەو ڕێیەی تۆ گرتووتە بەر، من دەمێکەیە پێوامە و ئەگەر بێ پشتیوانی خوداکان بووایە، هەرگیز نەمدەتوانی بەم شوێنە بگەم. ئێستاش بە قەد پیرە مەرێ تەمەنم ماوە و دەمەوێ ئەزموونی ژیانم لە پاش خۆم جێ بهێڵم.

ـ کاکە مام! ئەگەر بتوانی ژیان بنێیتە ناو دەستمەوە، بەڵێن بێ هەتا هەتایە، دەبمە مورید و ئیمانداری تۆ و لە ئامۆژگارییە بە نرخەکانت دەرناچم.

مانتنا، لەو ڕۆژەوە و دوای وەخەبەر هاتنەوەی لە سەر بانی ئەشکەوتی کەرەفتوو، تەنیا و هەراسان و بێ حەوانەوە، ڕۆژی لێ نەبوواردووە و شێلگیرانە، لە هەر ناوچە و سەرزەمینێ سوونسەی بارانی کردبێ، خۆی گەیاندووەتێ و چاوەڕوانی دەرکەوتنی کۆلکە زێڕینە بووە، پاشان چووەتە سەروەختی و باوەشی ئاواڵە کردووە بۆ لە ئامێزگرتن و ڕاموسانی. لە پیرە پیاوەکەی بیستبوو کە: «ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان، بەخت یاوەرت بوو و توانیت ئەو کۆلکە زێڕینەیە لە ئامێز بگری و بە خۆتەوە ڕایموسێنی، ئەوا توانیوتە ژیان دەستەمۆ بکەی و بە ئاواتەکەت بگەی. بەو کارەش دەتوانی بچیتە ڕیزی خوداکانەوە.»

قاقایەکی بە کوڵی ژنانەش، بەردەوام چرنووقی لە دڵی مانتنا دەگرت و تەتەرەیەکی مەرگاوی لە ناخیا دەنایەوە ...

* ئەم چیرۆکە دوابەش و درێژەبووی دوو چیرۆکی «تەتەرەی دڵی مانتنا» و «مانتنا و سەفەرێکی خۆخواز».

میراتگر

■

هەموو شەوێ، هاوکات لە گەڵ بوومەلێڵی ئەستێرەپەڕاندا، بە دەفرێکی نەخشێندراوی ئاڵتوونیەوە، کە لێوانلێوو و تژی بوو لە ترس و خۆف، هەڵیدەکوتایە سەرم، پاشان بە هێمنی و زۆر بە وەستایی و بێ ئەوەی دڵۆپێکی بە فیڕۆ بدا، ڕۆی دەکردە گەروومەوە. نەمدەناسی. حەزم لێبوو، دەمامکی ڕووخساری هەڵماڵیبا و بۆ تەنیا جارێ چاوم بە چاوی کەوتبا. بەشکوو بمزانیبا ئەو کەسەی بێ وچان و بە کاوەخۆ، هەموو شەوێ، لە سەروویەندی ئەستێرە پەڕاندا، لە لاشانی پردە پەین ڕێژەکەی خوارووی شار، بەرە و ژێر دەبووەوە و هەنگاوی دەنایە ناو ئەو پەین و پاڵەی، ڕۆژانە لە سەوەتەکانەوە، هەڵدەرێژرانە قەراغ چۆمی شار کێیە و مەبەستی لەم کردەوانە چییە؟!

ـ نەخەوتووی؟ گوێت لە منە؟!

گەلێک جار حەژمینم نەدەدما و بە تەواوەتی قەراری لێ دەبڕیم و بەو مەراقەوە دەجەڕام، چەشنی زەلامێکی نێو قەد

ئەستووری بێ دەرەتان کە لە تاو ئازار و ژانی گورچیلەی بە مەرگی خۆی ڕازی بێت و بە سەر و کەللەوە بەرەو پیری دیوار بچێ. پەستێو و کونج و کەلەبەرە تار و تنۆکەکانی ... سیغ ئاژەن دەکرد. پەلم بۆ ژوورە ئاستەنگەکانیش ... بەشکوو بێتەوە یادم کە لە چ کاتێکدا و چلۆن منی بێ پەل و پۆ و چلمەلەتە، هاوردەی بن ئەم سەوەتەیە کرام.

دەنگێك لە نادیارەوە دەڵێ:

- گەوجە گەوج بەسە، لە مێشکتا سوڕاخی مەگرە، وەڵامەکەی لە وێدا نادۆزیتەوە، لە ناو ئەو خاکەدا بۆی بگەڕێ، خاک!

دەنگێکی تر دەڵێ:

- مرۆڤی ژیر و زانا لەم خاکە پیس و پیلۆخ و لە نوێژ چووەدا، بۆ ئەو وەڵامە مەزنە ناگەڕێ. وەڵامی مەزن لە چەنتەی مەزندایە. مەزنترین چەنتەش، ئاسمانە ئاسمان!

دەنگێکی دیکە دەڵێ:

- سەری نەبێشێ پیراسکەی لێ نابەستن گەلۆ. کەمت پرسیار هەیە ئەمەشت لێ زیا.

هەر جارێ دەهات، بێ چرپە و بە کاوەخۆ، ساتەوەختێکی کەم بە دیتنی ڕادەچڵەکام و دەچرژام، پاش ماوەیەکی کورت، دەستبەجێ دەهاتمەوە سەرخۆ. هێندەی دووپات کردبووەوە، بە تەواوەتی پێی ڕاهاتبووم. بە نووکی گۆچان، سەوەتەکەی بان

سەرمی بەرز دەکردەوە و دەیهاویشتە ناو زۆنگاو و گەناوی چۆمەکەوە و پڵتەی دەهات. ئەوسا دەفرێکی نەخشێنراوی ئاڵتوونی لە پێچەرۆکی دەسماڵێکدا دەردەهێنا و لە گۆزەڵە مەفرەقیەکەی بن پشتوێنەکەی لێورێژی دەکرد و لێهاتووانە پێی دەخواردەوە. هاوکات لە گەڵ هەڵقوڕاندنەکەدا و دوای بەرز کردنەوەی سەرم، لام ڕوون دەبووەوە هەمان ئان و ساتە، دەم و زەمەنی ئەستێرە پەڕان. پاشان دەچووەوە سەروەختی سەوەتەکە. لە ناو زۆنگاو و گەناوی چۆمەکەدا، بە یارمەتی گۆچانەکەی و بە ئاوەچۆڕەکەیەوە، دەیکێشایەوە دەر و دەیخستەوە بان سەرم. ڕێک و پێک لە شوێنەکەی خۆیدا و وەک شەوانی ڕابوردوو. لە گەڕانەوەیدا هەنگاوەکانی بێ چرپە بوون، دیار بوو پێ لە سەر پەین و پاڵی ئەو ناوە دەنێت. چەندە پێم گەوج و نەفام بوو، هێند بە ساویلکەیی دەهاتە بەر چاوم و قاقا پێی پێ دەکەنیم. دەزانی چۆن؟ ئاوا: قا.. قا.. قا ...!

قاقا کێشانەکەم لەوەدا نەبوو. دەکەوتمە سەر گازەرەی پشت، پاشان هەڵدەئایسام و پژمین و تڕینیش بە دوویدا. کە دەهاتمەوە سەر خۆ، لێم ڕوون دەبووەوە کە ئەمانە هەموویان خەون و خەیاڵن. خەون و خەیاڵێکی پووچ و بە تاڵ، چەشنی تاقە گوێزێکی ڕواڵەت جوان کە دوای قرچەی شکاندنی بە پووچ دەربچێ:

- بە سەرت قەسەم لەم ژیانە بێ نرخ و سەگ ژییەما ئەوەندەم گوێزی پووچ شکاندووە، حەد و حەسری نییە!

له بیرم چوو ئەوەش بڵێم، ئەو زەلامەی تامەزرۆی ناسینی بووم و هاوشێوەی ژنێکی دووگیان موژدیم بۆ دەکرد، گوێژی بۆ نەدەهێنام، بەڵکوو جرج و مشکە ڕەشە ئاوسەکانی قەراغ زۆنگاو و گەناوەکە کێشەوەیان بۆم دەکرد ... ئەوە دەڵێم چی؟ بەڵێ... قاقام دەکێشا، بۆ گەوجیەتی و ساکاری ئەو زەلامە دەمامکدارە. هاتووە ڕێک لە ناو ئەم پەین و پاڵە و لە قەراغ زۆنگاو و گەناوی تەنیشت پردە پەین ڕێژەکەی خوارووی شار، ساباتی و مەنزڵی بۆ کردووم، وا کە لە بۆن و بەرامەی بۆ گەنیوی پیسایی ئاوەڕۆکانی شار کە چەشنی ڕەشمارگەل، خۆیان دەپەستێونە ناو چۆمی شارەوە، بە وەزاڵە بێم. منی، چڵمە لەتەی زەبوونی بێ پەل و پۆ، ژان بمگرێ و بکەومە سەر پێڵاوە قێزەون و پەیناویەکەی و لێی بپاڕێمەوە و بەزەیی لێ بخوازم؛ قا.. قا.. قا.. قا... ئەی چۆن بەو گەوجییەی پێ نەکەنم. بەوەش وازی نەهێناوە و «هەموو شەوێ، هاوکات لە گەڵ بوومەلێڵی ئەستێرە پەڕاندا بە دەفرێکی نەخشێندراوی ئاڵتوونیەوە کە لێوالێو و تژی بووە لە ترس و خۆف هەڵیکوتاوەتە سەرم، پاشان بە هێمنی و زۆر بە وەستایی و بێ ئەوەی دڵۆپێکی بە فیڕۆ بدا، ڕۆی کردووەتە گەروومەوە.» گەوجیەکەی لەوەدایە نازانێ مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە بە هەر چەشنە بارودۆخێ ڕادێ. هۆی! میوانە خنجیلانەکەم، لە گەڵ تۆمە! بەو پەلکە ساوایەت قەسەم! هەر چوار شەوی ئاستەنگ و بە پەژارەوە بووم. تەنیا چوار شەو و

بەس. ژان بەربدام و پێی ڕاهاتم. ئێستاش تەنیا خەفەتباریم ئەوەیە بۆ تا هەنووکە نەمتوانیوە بیناسم و پەردە لەو ڕازەی هەڵێنم. هیچکات بێ هیوا نەبووم و کە تۆش بوویتە میوان یا خود خانە خوێم، پتر لە جاران ڕۆحی هیوام پرشنگدار و ڕوونتر بووە و لە ڕۆژنەکانی ئەم سەوەتەیەوە، ئەستێرەکان گەشتر لە جاران دەبینم. بە تەمای ئەو ڕۆژەیەم ساقەتەی لەشت هێندە بەرز بێتەوە، ئەم سەوەتەیە وەڕەس بکا و تەنگی پێ هەڵچنێ، چیتر ناترسم ئەم گوێزەشم وەک گوێزەکانی دی بە پووچ دەربچێت.

دوێنێ شەو لە بوومەلێڵی ئەستێرەپەڕاندا، دوای نوێژی بەیانی لە مزگەوتی گەڕەک بە ئومێدی بە سەر کردنەوەی هاتیە دەرەوە. گۆزەڵە مەفرەقییەکەت بردە پەنا گوێت. بە ئەسپایی ڕاتوەشاند. ڕەنگە قومێ یاخود دوا قومی بێ. ڕووت کردەوە پردە پەین ڕێژەکەی خواروی شار. هەنگاوەکان بە دووتدا نەدەهاتن. ڕەنگە وزەیان دواچۆڕی هاتبێ. بە لارەلار و خێشەخێش گەیشتیتە سەری. بە نووکی گۆچانەکەت، سەوەتەکەت لێ ترازاند. دەفرە ئاڵتوونیە نەخشێندراوەکە لە دەستا لەرزی. دیار بوو تەکانی شەوانت نەماوە.

□□□

... دەفرە نەخشێنراوە ئاڵتوونیەکەی خستووەتە سەر لێوت. مێرووڵە دەکا. لە ناکاو دەپژمیت. دەکەویە کۆخە کۆخ. وەک باوکێ بە ئاستەم لە پشتی منداڵەکەی بدا، لە پشتت دەسرەوێنێ

و دەڵێ:

- یا غەوسی گەیلانی نەخنکێی ڕۆڵە!

هەستم کرد باوکمە و بەزەیی جووڵاوە. لە چرکەیەکدا قەتیس مانیَ فرمێسک و سەرڕێژ بوونیان ڕووی دا. هەناسەم گڕی تێبەربوو. چاوم بە نەرمی کەوتە سەر چاوی. نوزەیەک ڕندووەکەی نێوانمانی تەقاند:

- بابە!

پەشیمانی لە چاوانیا گوورا. چەشنی تۆی پەلکە خورما کە لە ژێر ئەو پەین و پاڵەوە گوراوی و چاوت بە جیهان هەڵێناوە و ماوەیەکە بوویتە میوان یاخود خانە خوێی من. هەر دویَ شەو بۆم ڕوون بووەوە دواچۆڕی گۆزەڵە مەفرەقیە نەخشێندراوەکەی دەرخوارد داوم و خۆی پیَ نەگیراوە و جێی هێشتووم. گۆزەڵە مەفرەقیەکە و دەفرە نەخشێندراوە ئاڵتوونیەکەش بە میرات بۆ من مانەوە. دواتریش ئاگادار بوومەوە کە ئەویش وەکوو من، داشدار و میراتگری باوکی بووە.

ورته

■

هەموویـــان خەریکن. لە دۆزینەوەیین. بـــە پۆل و بە جووتە و بە تاک. ســـەرەتا، لە ســـەحراوە دەســـتیان پێ کرد. بست بە بســـتی قاقرترین شوێنی ســـەحرا و بیابانەکەیان کێڵا. سەرە و بنیان کرد. تێکەومیان وەردا. گەر ئێوارەیەکی درەنگ، لە ســـەر تەپۆلکەیەکـــی مەیلە و زەردی لم و خۆڵی ئەم ســـەحرایەدا بە دانیشتنەوە، تەرزنۆکانت و تەنیاییەکەت لە باوەش نێی و بە وردی و چاوی بۆ کز کـــەی و لە ئاوابوونی خۆر و ڕووبەری کاکی بە کاکی بڕوانی، گۆڕســـتانێکت دێنێتەوە یاد بە هەزاران هەزار گۆڕی بەســـتەزمانی بێ لاشـــەی دراوەوە. تا چـــاو حەتەر کا گۆڕستان و قولک و قەبری دراوەی هەتیو کەوتووی چاوەڕوانی جەســـتەی بێ گیان. کە لە تەنیشتیانەوە و بە مەودایەکی کەم تێپەڕیتایە، هـــالاوی توندی ئارەقەی بـــن باخەڵیان، بێ ئیرادە دەماخی پێ هەڵنەدای. لە پەســـتا و بێ ڕاوەســـتان، خەریکی ژێر و ڕوو کردنی ڕووبەری ســـەحرا بـــوون. ڕۆژێکی دی کە

هاتنـــەوە، هەر کەس بێژنگێ یان هێڵەکێکی دانە درشـــتیان لە گەڵ خۆیاندا هێنابوو. دیار بـــوو قەناعەتیان بەو کارەی دوێنێ نەکردووە. کەوتنەوە پشـــکنین و بێژنگ کردنی سەحرا و بیابان. هێڵەکیـــان کرد. بە کۆ و بە جووتە و بە تاک. نەسـرەوتن. بێ هەدادان. جار ناجارێ لە بن پێیانەوە زرتەی کلکی سرتە مارێ، گوێ قولاغی دەکردن. دەســـبەجێ دەکشـانەوە و هەڵمەتیان بۆ دەهێنا. سرتە مارەش لە حەیبەتا دەهاتە سەر کلک و پاشە و پاش و شەپۆلا و شەپۆل بەرەودووا دەکشایەوە و دوور دەکەوتەوە. وادیار بوو بەو ئاژەڵیەی، فامی ئەوەی بوو، کە خۆی لە شەڕی خۆترێن ببوێرێ. گەڵێک جاریش بە دەم هێڵەک کردنەوەوە؛ دووپشکێک لە بەستێنی هێڵەکدا دەکەوتە فرتە فرت و کلکی قوت دەکردەوە و دەچوو لە دەســـتیان خۆ قوتار بکا. ئەوانیش دەسبەجێ لە سەر ڕووبەری سەحرا و بازنە ئاسا، ئاگرێکیان دەکردەوە و دووپشکەیان دەخستە ناوەندی بازنەکە. هەموویان لە دەوری خڕ دەبوونەوە و بەم کارەکەیان؛ ماوەیێ پشـــوویان دەگرت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە و بە گڕوتینێکی باشترەوە، بکەونەوە سەروەختی پشکنینەکەیان. دووپشـــکە، کە دەرەتان و ڕێی دەربازبوونی نەدەما و چەندین جار ئەمبەراوبەری بازنەکـــەی دەپێوا، بە کلکی و لە ناچاریدا و لە ڕێـــی ژارەکەیەوە خـــۆی دەپێکا. لە چێژی ئـــەم خۆ پێکانەی دووپشـــک، هەموان دەکەوتنە سەما و پلە لێدان و سمت و سۆڵ بادان. ئەمە پیشـــەی هەموو ڕۆژێکیان بوو، تا مەودای سەحرا

هاتــە کۆتایی. کە چاویان هەڵێنا، گەیشــتبوونە بناری زنجیرە کێوێ وێنەی دەستە برا لە پشت یەکتری ڕاوەستابوون.

شــان و مل داگیراو و شل و شــەکەت، چەشنی پەل و پۆ و گەڵا و بەرگی ســیس و بێ ئاوی پــار نەمامێک دەچوون. هێڵەک و بێژنگەکانیان فڕێدا و لە ســەر گازەرەی پشت یەک تەختە ڕاکشان. شەپۆل ئاسا و چیناوچین، ورتەورتێ لەو سەرەوە و دەم بە دەم نێزیک بووەوە. یەک بە یەکیانی گرتەوە تا گەیشتە دوا کەسیان:

- کێ دۆزیویەتیەوە دەنگ هەڵبڕێ ؟!

وەڵامەکە ڕۆیشتەوە.

- کــەس تا ئــەم ســاتەوەختە نەیتوانیوە بیدۆزێتــەوە و تا هەنووکەش لە گەڕان و پشکنینداین.

ڕۆژی دواتــر لە جیا هێلەک و بێژنگ، پاچ و قوڵینگیان داینێ. شــەرتی ببووین. چیتر بیرمان لــەوە نەدەکردەوە، چییە بۆی خۆ کەوتووین و لێی دەگەڕێین. چەشــنی ســەربازێکی گوێڕایەڵ و گۆشکراو، نافەرمانی زگمان پێ نەدەکرا.. ببووینە جەندرمەی ورگمان.. ئەمنیــەی گەدەمان. بەردەوام کارمان لە لەشمان دەکێشایەوە و لە بەر لچمانەوە دەمانگوت:

- دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە ..!

وەکــوو مۆریانــە، ئاوقای کەژ و کێو ببووین. باســکە و باســک، هەردا و هەرد و ملە و شــاخمان دەپرواند. گەیشتینە

دەروازەی بەردینی ئەشـــکەوتێ. هورووژمـــی جەماوەر ڕوو لە زیادبوونی کرد. بوومەلێڵ و تاریکایی ناو ئەشـــکەوتەکە ببووە هەوێنی گیانمان. دەڵێن:

«ئۆقرە دۆشـــاوی تاریکییە، لانکەی مێشکە و مەتەرێزی ڕۆحی ماندووە»

لە ســـەر دەرگای ئەشـــکەوتەکەڕا بە چەند زمانی کەڕوو گرتوو، نوسراوەیەک بە جێ مابوو. ژەنگارۆ بوو. ڕەنگە زمانحاڵی فینیقیەکان، عیلامیەکان، کلدانیەکان یا خود ئاشوورییەکان بوو بێ. شـــارە زایەک بـــە کاوەخۆ کەوتە لـــەت و لووش کردن و خوێندنەوەی:

- بۆ جیلەکانی دواتر! ئێمە، بە ســـەدان ســـاڵ بێ پشوودان، بســـت بە بستی ئەشـــکەوتەکانمان پشـــکنی. کون و ڕەهێڵ و قوژبنەکانیشمان جێ نەهێڵا. تامی ماندوویمان نەزانی. شەونخوون بووین، بەڵام ئاسەوارێکمان نەدۆزییەوە. داواکاری لە ئێوە؛ چیتر پێویســـت بە گەڕانتان ناکا. لـــەوە پتر خۆتان هیلاک مەکەن و «چێو لە تاریکی مەکوتن !»

□□□

... نوێترین و کارامەترین ڕۆباتی ناسا، پێی نایە ناو هەسارەی مەریخەوە. بە تەمایە لە گەشتێکی زانستیدا، لە ئاکامی گەڕان و پشکنینەکەی، بەم زووانە ئاگادارمان بکاتەوە...

دەنگی تەلەفزیۆنەکەی بـــڕی. بۆچرووکێ لە هەناوییەوە

دەرکشا و لە بەر خۆیەوە ورتەیەکی لێ بووەوە:

ـ تــۆ ناڵێــی ئێمە هەڵەیــن و ئەوەی بۆی بە پەرۆشــین، چاویلکەییێکە بە سەر لووتمانەوە و لێی دەگەڕێین...!؟

خەنجەر

■

کە لە لوتکەی قــەڵای نژۆوە، هەر چوارمان یەکرِیز و لە تەنیشت یەکدی، مەلی نیگامان بەرە و دەشتی شارە کۆن هەنارده کرد، لە بڵندگۆی مزگەوتی ئاوایی نژۆوە، مەلا لە بانگی عەسر دەبووەوە، ســێبەری قەڵا، چەشنی بەستێنی چارشێوێکی تەنکی مــات، لە لێرەوارە چــرِ و پرِەکەی دامێنی قــەڵاوە تا نێزیک ئاوایی، خســتبووە باوەشی خۆیەوە. شــەولەبانی دارینەی چەند خانووی گڵەبانی ئاواییش، لە بەر خۆرەتاودا، خۆیان هەڵخستبوو و تلێسابوونەوە، وا دیار بوو کە تا هەنووکەش لە باوێشکی نیوەرِۆ خەوێکی شــیرین دەرباز نەببوون. هێدی هێدی دوا هەناسەکانی، هەناسە سواری رِێگا بەرە و ژوورەکەی قەڵا، لە ئاسایی بوونەوەدا بوو کە؛ ســوارە، مووروویێکی چەور و شیرینی خستە نێوان دوو قامکی دۆشــاوەمژە و ئەســپیِ کوژەوە و هەڵینا و بە چاوێکی قونجاوەوە، خستییە بەر خۆر:

- کورِینە چاو لە رِەســمی ئەم ســوارە کەن، لە رِەســمی

پادشایەکی بە دەسـەڵات دەچێ بە سواری ئەسپەوە. ئەخشاندن و بەرجەسـتە کردنی ئەم جۆرە ڕەسمانە لە سەر ڕوویەرێکی کەم مەودای وەک ئەم مووروووە چەور و شـیرینە، لە توانا و تاقەتی خەڵکـی ئەم دەڤەرەدا نەبـووە، دۆزینەوەی ئەم چـوار مووروووە دابەشکراوانەی نێوانمان لە کووپە خوسرەوییەکدا و لە ناو لەوێچێ گڵی هەڵوەریوی لاشەیەێ کە تەنیا مشتێ ئێسک و پرووسکی لێ ماوەتـەوە، جێی تێڕامانە. زۆر بە وردی سـەرنجی دەندە و پەراسـووەکانیم داوە. دوو ئێسـکیان جێی ئامێریان پێوە دیاربوو. ڕەنگـە بەر هەڵمەتی شمشـێر کەوتبن. سـەیرەکەی لەوەدابوو، دوای سـاڵانێکی دوور و درێژ، چوونکە کووپە خەسـرەوییەکە لە بەردەمی هاتووچۆی هەوادا نەبووە و زارەکەی بە وەسـتایی و لێزانانە ئاخێندراوە، ئێسـکەکانی نەبوونەتە خۆڵ و ئێسـتاکە گێڕەرەوەی حاڵ و ئەحواڵی خۆیەتی.

من وا هەست دەکەم ئەم لاشەیە ناوی هۆزان بوویێ.

. هۆزان! دەڵێن لەشـکری مووغەکان وەک ڕەشـەبا وان، قەیاسـەیان لێ تووند کردووە و بەزەییان بە کەسدا نایێ و پیر و جوان ناناسـن و بە سواری ئەسپان، بەرە و شارە کۆن بینراون. کە هاتوو چاوت پێیان کەوت، ئەخەڵەتابی خۆیان لێ ئاشکرا کەیت و غیرەت بتگرێ و دەست بە خەنجەر بی. ئەوە شەڕی خۆ ترێنە هـۆزان! تا دەتوانی مەڕەکە ڕاونێ بەرە و کەندەلانێ و خۆت لە ئەشکەوتێ، یان ناو شاخێکدا بشارەوە ڕۆڵە گیان.

ڕەنگە دایکی هۆزان ئەمەی پێ وتبێت.

ـ هۆزان! باوکەکەم! دایکت ڕاست دەڵێ، نەخەڵەتابی خۆت لە ناژیری بەی و بکەویە بەر چاویان و جەزمە بتگرێ و خوێنت گەرم بێ. ڕۆڵە، تۆ ئێستا تاڵی و سوێری دونیات نەچێشتووە و هەرزەکاری. مووغەکان دەڵێن بای سرسرن، بەردە کل و بەردی مانگیش خۆیان بۆ ناگرن و لە هەڵمەتیان دەرباز نابن.

ڕەنگە باوکی هۆزان بۆ پشتگیری قسەکانی دایکی، ئەمەی وتبێت.

ـ هۆزان! چاو ڕۆشنی و دیارییەکم لە بن تاتەکەی کانی چەوەندەران بۆ داناوی، دوێنێ کە لە مەڕی گەڕامەوە، بە بۆنەی قومە ئاوێکەوە چوومە سەر چاوگەکە و لە ژێر تاتە نوێژەکەدا، جێم هێڵا. لە بەر خاتوون و ئەسمەر، دەستم نەتگەیشتێ، تکات لێ دەکەم هۆزان! هۆشت بە خۆتەوە بێ. دەڵێن مووغەکان لە کونە ماران دیتراون. بێ بەزەیین هۆزان! بەرەنگاریان نەبیتەوە. نیشتمان، هەناسە سارد و بێ کەسە و چاو لە ڕێتە.

لە پشت گوێسپانەکەی ئاغەڵەکەیانەوە کە کەوتبووە باکووری شارە کۆن و سەر ڕێی مەڕێ، نیشتمان، دەستی ڕووە و ڕۆژ هەڵێنابوو و دووعای لەش ساغی بۆ هۆزان کردبوو.

باوەڕ هێنان بەوەی کە؛ ڕۆژێ لە ڕۆژان، هۆزان دەست بە خەنجەر بوویێ و یەک لە دوای یەک، لە بەرەنگاریدا مووغەکانی کەلەلا و شەق و شڕ کردبێ، جێی گومانە و پتر

هەڵاتــن و دەربازبوون لەو جەنگەی لێدەوەشـێتەوە و لە ڕاستی نزیکترە، بەڵام لە زاری سۆیی خولەی مەقام بێژەوە و بە حەیرانێ و بە ســۆز و فوغانێکی جەرگبڕەوە، شتێکی دیکە دەردەچێ و ئاوقای دڵ و ڕۆحت دەبێ:

«ڕانەکەی لە دۆڵە قاقــرەوە بەرە و لووتکە و ملەی بەردە مانگی هەڵدەکێشــا. لە تەپــی قۆرغێوە دەنگــی بلوێرەکەی دەبیسترا. دوای دیتنەوەی دیاری و چاو ڕۆشنیەکەی نیشتمان، لە ژێر تاتەکەی کانی چەوەندەران، دڵ و هۆشــی هۆزان بارگە و بنــەی تێک نابوو و ئاوقای هەواری دڵ و خەیاڵ ببوو. دەیان جار لمۆزی لە تاتەکە خشاندبوو و بۆنی پێوە کردبوو و بە زمانی لســتبوویەوە. دواجار ماچی کردبوو. بــۆ ماوەیەک مەڕەکەی لێ دوور کەوتبــووەوە. ئەو پێنج مووروووە، کــە دواتر یەکیانی لێ داکەوتبوو؛ یاقیق، شــەوە، زەردوویی، تانە و ئەبڵەق، چەور و شــیرین، دانە بە دانەیانی خستبووە سەر پێڵووی چاوانی و پاشان بۆنی پێوە کردبوون. ئەوســا چووبووەوە سەر وەختی ڕانەکەی و ڕووەوە بــەردی مانگ هەڵزنابوو. مووغەکان و بای سرســڕ و ڕەشــەبا وێرانگەرەکەی، لەســەر کانی جێ هێشتبوو. دەتگوت ئادەمــە و دوای تەنیایی و چاوەڕوانییەکی مەرگاوی، حەووایان کردووەتە دیاری بۆی و بە دیتنــی تەواوی ئامۆژگارییەکانی ڕابوردووی خۆی لە بیر کردووە. مەست و ئاژیرە و بووەتە پێڕەوی دڵی و چووەتە سەر وەختی دارسێوەکە. دەڵێن:

«که خۆشەویستی دێ، عەقڵ کلکی دەنێتە بن هەنگڵی و ڕیسوا دەبێ. مەرگ، بارگەوبنەی خۆی تێک دەنێ و ڕوو لە مەملەکەتی نادیار دەکا. قەڵەمی ئەژنۆی ترس دەشکێ و قرچەی ئێسکەکانی ڕۆژەڕێیێ دەڕوا. که خۆشەویستی دێ، دیزە و کوویە شەڕابان بە پوولێ، بە قرۆشێ. حەیا و شەرەف بە دیناری، بە تاقە ماچێ. گەنجی شاهان بە بزەیەک و بە لەتەرێ. که خۆشەویستی دێ، لاولاو، لە زستاندا باڵا دەکا. گولێ لە کەلاوەکەیەوە، هەنگاو دەنێتە ژێر لێزمەی باران و گۆرانییەک بۆ ئاو، ئاوازێ بۆ زەریا دەچڕێ. سەیرە، چیتر شادانەی ناوێ، وەلای دەنێ و مەست و کەلەلا دەخوێنێ و دەجریوێنێ...»

- «خەنجەرەکەت بۆ کەی هەڵگرتووە؟!»
- «بۆ تەنگانە»
- «گەوجە جا لەمە تەنگانەتر؟!»
- «حەوبرا، نابینی ئەوان چەن سوارن و منیش پێخاوس و خەنجەرە لەتێ!»
- «ئەی وەفا و مەردایەتیت کوا قارەمان، لێت بترازێن تا دەشتی شارەکۆن و دەم بانیژەی ماڵی نیشتمان، ناگێڕسێنەوە، هەک داوەشێی پیاوە چکۆلە!»

... پاش ئێوارەیەکی درەنگ وەخت، جەستەی بێ گیان و خەڵتانی خوێنی هۆزان، لە تەنیشت لاشەی چوار مووغدا لە لاسەرووی کانی چەوەندەران، لە دۆڵە قاقر کە دواتر بە

«جەمووغە» ناســـرا، دۆزرايەوە. لە مشـــتيدا، چوار مووررووبان ديتەوە، كە لە سەر يەكيان وێنەی پادشايەكی بە سواری ئەسپەوە، نەخشـــێندرابوو. ڕەنگە وێنەی ســـوڵتان جەلالەدينی خوارەزمشا بووبێ...

خەنجەرە دەســـك ئێســـكەكەی هۆزانیش، كەوتبووە لای يەكێ لەو چواركەسەی لە سەر قەڵاوە دەيانڕوانييە شارەكۆن، بە تەماشبوو تا تەنگانە نەبێ، ئاشكرای نەكا...

DNA

■

تازه دوای ئەوەی ئەم کارەساتە خولقا بیرم کەوتەوە کە کچەکەم چەند جار پێی وتووم: مەکە بابە! و دەست بە دامێنم بووە: ئامان بابە! دەبێ زۆر وریا بی. دەمێکەیە لە دڵی داوم موقەدەرێکت بە سەر دێ، دڵم ختوورەی داوە. خەوم پێوە دیوی. ئەوەندەی من بزانم تووشی شەو کوێری بووی و چاوەکانت حوکمیان کەم بووەتەوە. تکات لێ ئەکەم نەخەڵەتابی بە شەودا بە ئۆتۆمبیلەکەت سەفەر بکەی. خودا نەخواستە فەرمانت لە دەست بچێ و بکەویتە هەڵدێرێ، یا شیو و دۆڵێکەوە، یاخود لە ئاژەڵێکی بسرەوێنی، تازە جێی خۆت ناگریتەوە و منیش بە بێ باوکی دەمێنمەوە.

لە سەرەتای بادانی سلفی ئۆتۆمبیلەکەوە، تا دە کیلۆمێتری بەرە و دەرەوەی شار و ڕووە و دەشتی سوورێن و شریخەی شیشەی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکە، فشەم بە قسەکانی دەهات. پێم گاڵتە بوو. هەنیشکی دەستێکم خستبووە سەر فەرمانی ئۆتۆمبیلەکە

و كايەم بە سـمێڵەكانم دەكرد. بە دەسـتەكەی دیكەم فەرمانم گرتبوو. بە خەیاڵیشـما نەدەهـات ڕۆژێ لە ڕۆژان، كچە موو خورماییە شـەش ساڵانەكەم، كەزیەی كەروێشكانە بەسترابێ و بە ئەلەنگ و دولەنگ بێتە لام و چاوی بە چاومەوە هەڵواسرێ و گوێ لە قوورەی سـكم بگرێ. هەست بە شتێ بكا كە منی باوكی، تا ئەو ساتە وەختە قەت بە زەینیشما گوزەری نەكردبێ. ڕەنگە ئەوەندە ئیمانم بە ئاسـتی هوشیاری و پلەی زانیاری خۆم بووبێ كە ئەم خۆویسـتیە كوێری كردبێتـم، یا ڕەنگە خۆركە لێیدابێتم و لە ناوەوە خەریكە دەمبروێنێ. شـێر پەنجەیە، بەرەبەرە و بـە ئارامی و لە ناخمەوە بێ ئـەوەی بە خۆم بزانم، بن كۆڵی كردووم و لە ڕەونەقی خسـتووم. هێزی دیدەكانمی نەهێشتووە و خەریكە لە خشـتەكم دەبا. نەمدەزانی منداڵی ئەم زەمانە هەر لە زگـی دایكیان بەر بوونەوە، یەكپارچە ئاگرن. هەر بە سـاوایی پلاك و زنجیرێكیان لە ملدایە و لێی نووسراوە:

«دوا پلەی زۆر زانی!»

قەدیمی وتەنی:

«قسە یا لە شێتی ببیستە یان لە منداڵ»

ڕێك لە تەمەنی كچەكەما بووم، كە شەوێكیان باوكم بە نەڕە نەڕ و پێلەقە كوتان، كەوتبووە گیان دەرگای حەوشەكەمان. دایكم سەری لە پەنجەرەی ڕووی كۆڵان بردبووە دەرەوە و هیسی لە باوكم كێشابوو. ئاماژەی بە دەر و دراوسێ و خەڵكی گەڕەك

دابوو کە سەعات پێنجی بەیانییە و هەر تۆی دەڵێی گورگی و شەونەخەوی. نابینی هەمووان لە شیرین خەودان. باوکیشم داهۆڵ ئاسا لە دەم دەرگا ڕاوەستاوە و بۆگەن و بۆساری گوواو و لیتاوەکەی لە دووریشەوە دەماخی بە دایکم هەڵخستبوو. چەن کەوتبووە گیان دەرگاکە، دایکم لێی نەکردبووەوە، تا کەوا و پانتۆڵ و پشتوێنەکەی و کەوش و گۆرەوییەکانیشی لە دەم دەرگا و لە کۆڵان پێ دانابوو. پاشان هاتبووە ژوور و تا خۆی کردبوو بە حەمامدا، بە سەد کفرەوە یەقی دابووەوە کە خەتای مزگەوت و مەلای گەڕەکە لێخەم نابنەوە و دەیانەوێ شەو نوێژ و جەماعەتی بەیانیشم نەفەوتێ.ساڵیانی ساڵە خەڵکی گەڕەک و مامۆستا و خواش دەیزانێ، بە دەگمەن ڕێکەوتووە، نوێژی بەیانیم فەوتابێ و ئەگەر بە دووعا و پاڕانەوە بوایە، نەدەبوو بە عومری حەیاتم تووشی ئەم شەو کوێریە ببومایە. لە بەر خاتری هاتووچۆی مزگەوتیش بووایە، بۆ دەبوو من بەم دەردە بچم. ئاخر خوا چۆن قبووڵیەتی، من بەم چەشنە لە تاعەت و عیبادەت کردن بکەوم و ئاوا ببم بە قەشمە جاڕی خەڵک و بنێشتە خۆشەی سەر زاریان. وام بە سەر بێ کە ژنەکەشم لێم تەوەلا ببێ و بێز و بۆم لێ بکاتەوە. تا لە کۆڵان و لە بەر چاوی دەر و دراوسێدا، ڕووت و قووتم نەکاتەوە، دەرگام لێ هەڵنەگرێ و ئیزنی هاتنە ژوورەوەم پێ نەدا.

کە بە خاولیە ڕیشاڵ ڕیشاڵە زەردەکەیەوە لە حەمام هاتبووە

دەر، پێی نابووە ســەر دەستم. منیش بە ســەر و چاوی ئاڵۆز و تێک ترشــاوەوە لە خەو ڕامابووم. بە چاو هەڵگڵۆفینەوە ببوومە گوێگــری پرتە و بۆڵەکانی باوکــم. کە چۆن لە دوای نوێژی جەماعەتــی بەیانی لە مزگەوتەوە ڕووی لــە ماڵ کردووەتەوە. هێشتا ڕێگایەکی دوور و درێژ و پێچاوپێچی کۆڵانەکانی ماوە بێبڕێ تــا بگاتە ماڵەوە و بحەوێتەوە، هەســتی کردووە چاوی تاریک داهاتووە و لە ڕەشــەوە دێ و بەر پێی خۆیشــی ناتوانێ ببینــێ. لە تاریکــی کۆڵانا پەلی کوتاوە و لە حاســت ماڵی حاجی فەرەجەوە، مەجبــوور دیواری ماڵەکانی کردووە بە ڕێنما و چاوســاغی خۆی. لە بیری چووەتەوە کە زێرابی ماڵی حاجی فەرەج پێشــتر تەقیوە و باڵا پیاوێ هەڵیانکەندووە و داویانەتەوە. تێــی دەکەوێ و بە پەلەقاژە و پەل کوتان و بە هەزار یاغەوس و یا کاکە ئەحمەی شێخ تا لە ناو گواو و لیتاوی زێرابەکەدا دێتە دەرەوە.

جوان لە بیرمە کە سەرە تاسەکەی و کوونی گوێچکەکانی بە لەچکی خاولیەکە وشــک دەکردەوە و لە ژێر ڕووناکی لامپە زەردەکەدا، شەبەقی ئەدایەوە و تف و نەحلەتی باوکی دەکرد. کە چۆن ئەویش، شەوێکی ســەهۆڵبەندانی زستان، پێش مەلابانگ دان، بەرە و حەوزەکەی مزگەوتی ئاوایی بۆ غوســڵی شەرعی لە ماڵ دەچێتــە دەر. لە مزگەوتەکــەدا، دوو حەوزییان دەبێ. یەکیان پان و بەربڵاوتر لەوی تر و تایبەت بە دەســنوێژ و ئەوی

دیکەیان قووڵتر و کەم مەوداتر و بۆ غوسـڵ و دەرکردنی لەش پیسـی بە کار دەبـرا. باوکی کە دەگاتە بـەر مزگەوت و لە چوونە ژوورەوەدا، لاقی لە قەراغ تاتە نوێژەکە دەگیرێ و سەری بـە لێـواری حەوزەکەدا دەدرێ و دەپێکرێ. زمـان پێکا نادا و دەسـبەجێ دەمرێ و شـۆڕ دەبێتەوە و دەخزێتە ناو حەوزەکەوە. کە خەڵکـی ئاوایی بۆ نوێژی بەیانی ڕوو لە مزگەوت دەکەن، لاشەی شـەلالی خوێنی لە ناو حەوزەکەدا دەدۆزنەوە، کە دەمە ونخوون و بە پشـتا و بە سەر ئاوەکەوە باسکی بڵاو کردووەتەوە و کەوا و پانتۆڵە دووڕەنگەکەشـی ماسیوە. دواتر لە زمان دایکی بیسـتووە کە؛ باوکی ماوەیەک بووە لە دەسـت شـەو کوێری نالاندوویەتی و سـکالای کردووە و ئەو شـەوەش لە بەرئەوەی بەیانی نوێژەکەی نەفەوتێ، لە ماڵ چووەتە دەر. مووقەدەر بووە کە بەم شێوە موبارەکە و لە ڕێی «حی علی الصلوه» دا گیانی لە دەست بچێ و بە شەهید لە قەڵەم بدرێ. بە بیری باوکیشم تا ئەم سـالانەی دواییش ژنی حامیلە و بە زگ و زاوە، کە فارغ نەدەبوون، ڕاسـپاردەیان دەنارده لای دایکی باوکم و داوای لەتێ بەندوخوێنیان بۆ تەبەڕووک لێ دەکرد. بەو نییەتەی خاوەنەکەی ساڵح بووە و خوا شەهادەتی بە نسیب کردووە. بەشکوو ببێتە دەلیلی شـەفا و ئەو ژنە ژانگرتووەی پـێ دەرباز ببێ. دایکی وتبووی بێجگە دووجار، ئەویش چون درەنگ لەتە بەندووخوێنەکەیان فریا خسـتوون، جارەکانی تر بووەتە مایەی شەفا و لە دایک بوونی

کۆرپەیەکی سەر زل و قەڵەویچکە.

... کە هاتمەوە سـەر خۆ، لەوانەیە بڵێم پێنج گەزێ بەرزتر لە ئۆتۆمبیلەکە بە حەواوە ئەشـەکامەوە. دەسـتم بۆ سکم برد، ڕۆ چووە ناوەوە و لە پشـتمەوە هاتە دەر. بەرە دەسـتەکانم خستە سـەر ڕوومەتم، هیچ هەسـتێکم نەبوو. بـە دەوری خۆمدا بە تەوژم خوولامەوە. سـووک و بێ کێـش. نە دڵە خورپەیەک و نە بێقەراریەک. مژێکی تەنکی نەرمی پەمووئاسـای بەردەوام لە شـێوە گۆڕیندا. قریومیەکم لێ بووەوە. سـووڕێکم بە دەوری ئۆتۆمبیلەکەدا لێدا. ئاراسـتەکەی گەڕابوو. تەنیا لامپی لای ڕاسـتی سـاغ مابوو و نەکوژابووەوە و ڕووناکی خستبووە سەر پێدەشـت و دارسـتانەکەی قەراغ جادەکە. گابەردێکی سەنگ چەخماخی سپی جەستە، خۆی هەڵدابووە بەر ئۆتۆمبیلەکە. تاق و تـەراق تریفەی ڕووناکیەکی کەم تین لـە خانە باخەکانەوە، وێنەی تابلۆیەکی نیوەکاری سـەر بوومی شێوەکارێکی وەڕەسم پیشـان دەدرا. لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا، ڕانندەیەک بەدی دەکەم. خەڵتانی خوێنە. بە شـەوکوێری و لە شارەوە، لە دەست تەنیایی هەڵاتـووە و ویسـتوویەتی خۆی لێ قوتار بکا. سـەری ناوەتە سـەر فەرمانی ئۆتۆمبیلەکەی و باڵەکانی ڕوو لە خوار، شۆڕ بوونەتەوە. بەزەییم پێیدا دێ. دەمهەوێ بچمەوە لای و دووودڵیشم. دڵم سـاغ نابێتەوە. دەڵێم بە مەرجێ بچمەوە لای، بەڵێنیم پێ بدا، چیتر لە دەستم ڕانەکا و بێهودە هەڵنەیێ ...

تا لێی دەی دەڕی

■

دەنگی ڕەقی ســەندەڵەکانی وەزیر، لــەرزە دەخاتە دڵمەوە. ئەم داڵانە دوور و درێژەی قەســر، قەت تــەواو بوونی نییە. لە ئەشکەوتێ دەچێ؛ کەس نەگەیشتووەتە دوا قەراغەکانی. بڵێی:

- هۆ!

چەند جار دەڵێ:

- هۆۆۆ!

بڵێی:

- هێ!

چەند جار دەڵێ:

- هێێێێ!

تا دێ، دەنگەکە نزیکتر، بەڵام بە تەوژمتر و بەرزتر و بەربڵاوتر دەبێتەوە، وەک کەســێ ڕۆحم بابۆڵە کا و ژێر پێڵاوەکانی نێ و هەوڵی پلیشــاندنەوەی بدا و بە قینەوە تاکەوشەکەی لە سەری وەرسووڕێنێ و بێنەوبەرەی پێ بکا. دەزانم ئەمجارەش، دێتە لام و

لە حاڵێکدا لەپێ دەستەکانی بە نیشانەی ڕێز و حورمەت لە سەر نافەکی گرێداوە و لارەمل و بە ئەسپایی لە چەمینەوەدایە، دەڵێ:

ـ پاشا ســـەلامەت بێ، ئەمجارەش هەوڵەکەمان بە نەزۆکی مایەوە، قوربان! سایەتان لە سەری میللەت و جەماوەر، موستەدام بـــێ، دەرفەتێکی دیکە بەم حەقیرە دەرباره عینایەت بفەرموون، بەڵێـــن بێ ئەمجارەیان دواجـــارە و ڕێ چارەیەکی بۆ دەبینمەوە. دەلیلی کهوولەت و هەڵگەڕانی تەمەنە، دەڵێی خەڵفاوم و مێشکم کرم تێیداوە. شـــەرتە ئەمجارە ڕووزەردتـــان نابم و تا تینم مابێ، فەرمانەکانی حەزرەتی جاه و مەقام بە جێ دێنم و دەبمە مایەی مەزاح و ســـروری دڵە گەورەکەتـــان. بەڵێن بێ لەو بێ قەراری و یەکبینیەی ژیان دەربازتان دەکەم و لە ئەنجامدا دەبمە ســـینە چاکی دەم دەرکەتان. چاوەڕوانی ئەوامری حەزرەتی سوڵتانم.

بـــەڵام نا، ئەم جارە فریوی فێڵ و تەڵەکەکانی وەزیر ناخۆم و تەســـلیمی وەعد و بەڵێنیـــە درۆ و دەلەســـەکانی نابم. دەبێ جەربەزەی خۆمی پێ نیشـــان بـــدەم و بیکەمە عیبرەتی خاس و عام. دەبێ دەســـتووری تاشینی ســـەر و ڕدێن و سمێڵی بدەم و بەر و دوا، بە ســـواری گوێڕێژێکەوە، کۆڵان بە کۆڵان و شەقام بە شـــەقامی قەسر و شـــاری بیگێرم و بۆ هەتا هەتایە هەتکی بکەم. دەبێ بە میللەتی ئەم مەملەکەتەی نیشـــان بدەم کە هەر کـــەس و لە هەر جێگە و مەقامێکدا، لە هەوڵی ئەوەدابوو گاڵتە بە فەرمانەکانی شـــاهانە بکا یا بەو جۆرەی پێویســـتە بایەخیان

پێ نەدا، بە توندترین شێواز سزا دەدرێن و سووک و چرووک دەکرێن. پاشان حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەر دەکەم. دەبێ خەڵکی لنگە فرتێکەیان ببینن بە سەر سێدارەوە و لە حەیبەتانا تا چەندین شەو، تەنانەت نەتوانن وەنەوزیش بدەن. لە بیرم نەچووەتەوە سێ ساڵ لەمەو بەر لە کاتی دەسپێکی نەخۆشیەکەمدا بە پەلە ناردم بە دوای وەزیردا، عابایەکی زێڕ بافتی کەنارە ئاڵتوونی لەبەردا بوو. هێنامە قەراغ تەختی شاهانە و جێگەیەکم بۆ تەرخان کرد. کەمێک شەڕابی تایبەتی خۆمم بۆ ڕۆ کردە ناو پەرداخێکی زێڕەوە. بە سەلامەتی سەرم هەڵیقوڕاند. پاشان سەر و لووتی شۆڕ کردەوە و بە هەمان شێوەی هەمیشەیی، لارە مل وێستا و چاوەڕوانی عەرایزم بوو. لە دوکتورەکانی کۆشک هەواڵی نەخۆشیەکەی منی پێ گەیشتبوو، کە کرمێکی دوور و درێژ لە ناو دڵما گرمۆڵە بووە و دەمی لە لاپەڕەکانی نێوی ئاژەنیوە. تا هەنووکە یەک لە سێی پارچەکانی دڵمی کرم ئاژەن کردووە و ئەگەر زوو فریای نەکەوین ئەوا بێ هیوا و بێ چارە دەمێنینەوە و زەلیل و عەلیل، دەبینە قەشمەجاڕی ژنە لە ئەژمار نەهاتووەکانی حەرەم سەراکەمان. بە تایبەت شەهێن، شاژنی گەورە کە دەمێک ساڵە بە هۆی هەوێ تازەکانییەوە، بینەم لێ دەخواتەوە و لە دەرفەتێ دەگەڕێ وەکوو هیندی ژنە عەرەب قەفەسەی سینگم بقەڵاشێ و جەرگ و دڵم بکاتەوە و دەمی تێبنێ. بەڵام وەزیر ئەوەی نەزانیبوو کە چارەسەری ئەم

نەخۆشـــییە بە چی دەکرێ. بۆیە پاش ئـــەوەی تێمگەیاند کە دوکتوورەکان گوتویانە؛ تەنیا چارەســـەری ئەم نەخۆشیە، خەفە کردنی ئەو کرمەیە، بە لێسەندنەوەی ئاسوودەیی، بە دەربڕینی لە ڕادەبەدەری هەســـتە جۆراوجۆرەکان، بە چەشنێ کە لە ئاکامی چێژ و هەستیار بوونێکی فراواندا دڵمان بماسێنێ و زەختی تەواو بخاتە ســـەر کرمەکە و لە ئەنجامـــدا، ببێتە هۆی دڵ تۆقین و خەفەبوونی ئەو کرمە خوا نەناســـە کە لە هیچ شوێنێکی دیکە، جێی دەســـت نەکەوتووە و ڕێک و پێـــک و بە بێ ئیزنی خانە خـــوێ، هاتووە و لە ناو دڵی مندا ماڵی کردووە. برۆکانی حەوا خســـت و بە تێڕامانەوە تێمفکری. بڕێک زیاتر لێم ورد بووەوە و تارەکانی گەرووی کەوتنە لەرە:

- سەر و گیانی وەزیر لە ڕێتاندایە؛ ماوەیەکە دوای بیستنی ئەم هەواڵە جەرگبڕ و ناخۆشە خوێنی شادەمارەکانم بە سەختی لە هاتوو چۆدان. دۆشـــداماوم کە من تا ئێستا لە کاری حوکمی و ناحوکمیدا و لە ژێر سێبەری ئامۆژگارییە بە نرخەکانی جەنابی حەزرەتی سوڵتاندا کەمم نەهێناوە و هەمووکات بە سەرکەوتوویی بە ســـەر کەند و کۆسپ و گرفتەکانی مەملەکەتدا زاڵ بووم و چارەســـەری حەکیمانەم بۆ دیونەتەوە، دەبێ لەم گرفتەشدا وەک ڕابووردو لیاقەت و شان و باڵی خۆم نیشان بدەم و نەبەزانە بکەومە ئەزموون و تاقیکردنەوەی هەموو ڕێگاکان و تا دۆزینەوەی ڕێگا چارەیـــەک هەدا نەدەم و نەحەســـێمەوە. ئەگەر جەنابی پادشـــا

ئیزنیان لە سەر بێ تا سپیدەی سوبح، بە دەستی پڕەوە دەگەڕێمەوە حوزوری مویارەکتان.

ئەو شـــەوە تا ســـپیدەی سەحەر لە ســـەر یەکێ لە قەڵا و بارووەکانی قەســـرەوە، لە چێو و شەماییلە فەلەکییەکانم ڕوانی، ئاژەڵ بـــە دوای ئاژەڵدا. هەر کامەیـــان کاتژمێرێ کەم و زیا ســـەرقاڵیان کردم. بە دەوری دیوارەکانی کۆشکا دوور و نزیک، پرشـــنگی کەم تین و بێ گیانی ماڵە ڕەعیەت و وەرزێرەکان، لە ئاســـمانێکی دیکە ئەچوو بە هەندێ ئەستێرەی پەرش و بڵاوەوە. بۆنی ئاســـوودەیی دووکەڵی کولانکە ئاگری خانووەکانیان بێ قەراری دەخستە ناو دڵی پاسەوان و ئاژەنەکانی دەوری قەسرەوە، لە گەڵ ســـریوەی پەنجە کێشی نێوان گەڵا وردە شۆڕەبییەکانی سەرسەرای کۆشک و بارەگاکەش.

سپیدەی سەحەر، لە تالاری قەسر، لە سەر تەختی پاشایەتی، پاڵم نەدابووەوە کە؛ دەنگی ســـەندەڵەکانی وەزیر، شریخەی خستە ناو کۆشـــکەوە. گەلێک بە دەنگەکەیـــان ورەزم. پەردەی گوێم هیچ، پەردەی دڵیشـــم ئازار نەدات. گەلێک جار ڕێ کەوتووە؛ ویستوومە دوای گەیشـــتنی وەزیر، داوای لێبکەم قۆندەرەکانی بگۆڕێ، تا لەوە زیاتر مەزاجی شـــاهانەمان تێک نەدات، بەڵام هەر جارە و بە هۆیەکەوە لە یادم چووەتەوە و ڕەنگیشـــە کێش و گیرایی دەنگ و ســـیمای وەزیـــر، بووبێتە هۆی لە بیر کردنی. دوای گەیشـــتنی وەزیر، کە لێم ڕوانی؛ کۆترێکی دوو ڕەنگی

شـــاباڵ سپیم هاتە بەر چاو، سپی و خۆڵەمێشی. جار ناجارێ بە نیشانەی ئەدەب و ڕێز سەر و دەنووکی دەلقاند و پاشان بە دەنگی بەرز دەیگماند:

ـ جەنابی حەزرەتی ســـوڵتان موســـتەدام بن، ئەم حەقیرە بێ ئۆقرە و قەرارەی ئێوە، لە ماوەی شـــەو و ڕۆژی ڕابوردوودا، بەم ئەنجامە گەیشـــتووم کە؛ مادام تاکە ڕێگەی چارەسەریتان، بە لێسەندنەوەی ئاســـوودەییتان دێتە ئەژمار، کاتێ ئاسمان بڕیاری لەم چەشـــنە بە ســـەرتاندا دەســـەپێنێ و بە تاکە ڕێگەی ساغ بوونەوەتان دەژمێردرێ، ئێمەش دەتوانین ئەم عینایەتەی ئاســـمان بقۆزینەوە بۆ بەســـتێن و باوەشـــی خەڵک، بەو جۆرە کە ئەگەر میللەتەکەمان بێ قەراری باڵیان بە ســـەردا بکێشێ، ئەوا پادشا و گەورەی وڵات، تا دوا چارەســـەری ئەم بارووداۆخە پێکهاتووە، ناتوانێ ئاســـوودە بمێنێتەوە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ماساندنی دڵی جەنابتان و خەفە بوون و دڵتۆقینی ئەو کرمە لاسار و دزێوە، کە تاکە هۆکاری چارەسەری نەخۆشیەکەتانە. ئەگەر حەزرەتی جاە و مەقام، ڕاتان لە سەر بێ هەر لەمڕۆ و بە فەرمانی شاهانە و لە تالاری قەســـرەوە، ئاگاداری دەردەکەیـــن و جارچییەکان دەنێرینە شار و گوند و ئاوایی و تەنانەت کۆخەکانیش، بە هەموو چیـــن و توێژەکانی خەڵك ڕادەگەیێنین کە لەم پاییزەدا، وارپاتی کۆشکی شاهانە لە یەک بە شەشەوە، دەبێتە دوو بە شەش و بێ ئەم لاولا و لە کاتی دیاریکراودا و وەکوو ســـاڵانی ڕابووردوو، لە

سەر پردە بەردینەکەی شار وەردەگیرێت، ئەوەشی پێ زیاد کەین کە؛ هەر نافەرمانییەک سزای توندی هەیە و بۆ جاری یەکەم دەست بە سەراگرتنی ماڵاتەکەیەتی و بۆ دووهەم جاریش ماڵ و زەوییەکانیەتی. جەنابی پادشا! ئەمە ڕێگەیەکی شیاوە تاکوو دەنگی نەیاران و ناحەزان و یاخیبووەکان هەڵبڕێ و ئێوەش بۆ سەرکوتکردنیان بکەونە هەوڵ و تەقەلا. بەو پێیە پلەی لێدانی دڵتان بەرز دەبێتەوە و ڕێخۆشکەرە بۆ هاتنە دەرەوە لەم ژیانە ئارام و دووپاتکراوە و زایەڵەی ژیانتان دەگۆڕدرێ. متمانەشتان بێ ئەم بیرۆکەیە، کاردانەوەی باشی دەبێت لە سەر حاڵ و ئەحواڵی بەرێزتان.

ئەم داستانە، سێساڵی ڕەبەقە دووپات دەبێتەوە و هەر جارە و لە پاییزدا و لە سەر وەختی خۆیدا، جەماوەر هورووژمیان هێناوە و لە سەر پردە بەردینەکەی شار، واریاتی شاهانەیان پێشکەش کردووە و هیچ کات، ڕێ نەکەوتووە؛ قرمە و هەڵایەک ساز بێت و سوپای تایبەتی شاهانە بکەوێتە سەرکوت و قەڵاچۆیان. ئەوا سێ ساڵ لەو دەسپێکە تێدەپەڕێ و هەر جارمیان وەزیر بە عابا زێڕ بافتە کەنارە ئاڵتوونیەکەی و سەندەڵە ڕەقەکانیەوە لە هاتووچووی تالاری قەسردا بووە و ڕا لە گەڵ ڕا پێی زیاتر لە ڕۆحم ناوە و ڕەنگە تا گەیشتووەتە ئێستا بە ئاستەم نووزەیەکی مابێ. هەر ساڵە و بەشێکی بە واریاتی شاهانە زیاد کردووە و تا هەنووکە، گەیشتووەتە چوار بەش، لە شەش بەش و ئەمجارەیان

یەکی چینیی دارکاریشی لە گەڵە، کە وەزیر ئەمرایە؛ دەروازەی هومێدی بەڕووی ئەو دارکارییەدا کردووەتەوە. هەموو ساڵێکیش بە تەمای ئەوە بووم هەرا و هۆرایەک ساز ببێ و منیش ببمە تاکە بڕیاردەر و دیدەوانی لنگە فرتێی لە دار درانی دەنگ هەڵبڕ و یاخیبووەکان. بە جۆرێ تا سەر ئێسقان کەیفم پێی بێ و دڵم هەڵایسێ و چیتر لەم دەردە بێ دەرمانە خەلاسیم بێ. دوکتورەکانیش وتوویانە؛ بە پێی زانیارییەکانمان تا ئێستا، دوو بەش لە پارچەکانی دڵم کرمۆڵە بووە و تەنیا دوابەشی ماوە و ئەگەر، زوو فریا نەکەوین؛ ئەوا تەنیا حەسرەتباری بۆ گەلەکەمان دەمێنێتەوە. بۆیە ئەمجارە کە وەزیر پێی ڕاگەیاندم لە دواچینەکانی جەماوەرەکەوە کە لە سەر پردە بەردینەکەی شار ئاپورەیان داوە، هەڵا و قرمە ساز بووە و لە دوورەوە لە یاخیبوونێکی جەماوەری دەچێ، زوو وەفدێکم بە سەرپەرشتی وەزیر، بۆ ڕوون بوونەوەی بارودۆخەکە و دانوستاندن لە گەڵیاندا، ڕەوانە کردووە و کەمێ ئۆخژن بە دڵم گەیشتووە و وا دیارە تریەی دڵم لە بەرزبوونەوەدایە. بەڵام تا وەزیر ئەم داڵانە دور و درێژەی قەسر دەپێوێ، کە لە ئەشکەوتێکی بێ کۆتایی و بێ کەنارە دەچێ، لەوانەیە من؛ نیوە گیان ببم.

وەزیر، دوای ساڵیانی ساڵ، دەگاتە تەنیشت تەختی شاهانە، هەر دوو لەپی دەستی دەنێتە بان نافەکی و لێکیان گرێ ئەدا و لارەمل و لە ژێر لچیەوە دەکەوێتە گۆ:

- قوربان! سەر و ماڵم بە فیدات بێ، ئەمجارەش ڕیسەکەمان بووەوە بە خوری!

- چۆن؟

- یاخیبوونێکی جەماوەری لە ئارادا نیە!

- ئەی؟

- تەنیا داوای ئاژەن و پاسەوانی زیاتر دەکەن، دەڵێن؛ ڕێژەیان کەمە و فریامان ناکەون و درەنگ بەرێمان دەکەن...

* بۆ بیرۆکەی ئەم چیرۆکە؛ یارمەتیم لە بابەتێکی فۆلکلۆر خواستووە.

٣ دار

■

لە گەڵ لێدانی تەشوێکەی، نرکەیێ لە هەناوییەوە، دەپژماند و دوواتر، بە زەبری نووکەکەی، تەڵاشەیەکی لە لەشی دارچنارەکە دەپچڕاند. نرکە و جیرە.

... ڕاسپاردەی قۆپچە زیوەکەش، قۆپچەکانی زیو بوون. لەو ماوە کەمەدا، پێنجت لەسەرڕا بۆ خوارەوە و دوو دانەشت، لە سەر گیرفانەکانی بژاردبوو. یەک، دوو، سێ، چوار ...

- لە کوێی هۆمەر؟ گوێت لە منە کەڕ و کاس؟

ڕاسپاردەکە، بە دەم و فلچ و زاراوەیەکی توورکییەوە، ئەمەی پێ وتبوو. پاشان هۆمەر، پاشەوپاش هاتبووەوە لای خۆی و گوتبووی:

- لە من بێ خەم بن، بەڵێنیم داونێ و لە سەر قەولەکەشم، ڕۆحم دادەنێم، بەڵام ئێوەش پیاو بن و لە ژێر قەولەکەتان دەرمەچن.

بەڵێنی بە ڕاسپاردەکە دابوو، تا کاتژمێر دوازدەی شەو، داواکارییەکەیان ئامادە بکا و لە گەرووی خاکدا هەڵینێت. لە

گەڵ تەکانی تەشـــوێنکەی، پوزوولکەی شـــارەق، لە ژێر لوێچی جامەدانە کۆن و ڕەنگ ڕۆیشتوەکەیەوە، ڕووە وخوار دەخلیسکێ.

«بێ ئۆقرەیە و نازانێ، لە گەرمانە یا؛ لە شەرمان!»

- «هۆمەر! ئەمجارەیان، مێســـلێ جارەکانی گوزەشـــتە نییە، تەواو خۆتی پێوە ماندە و خەســـتە بکە، دەبێ زۆر مەحکەم و سفت و قەوی دروستی بکەیت. سەری ئەم دەفعە بوزورگە هۆمەر، زۆر بوزۆرگە و پاداشتیش چەورە، چەورا!»

شوێنی کەســـپ و ماڵەکەیان، پێکەوە بوون. کە لە ناوچەی فەیزوولا بەیگی، لە تەک خورشـــێی ژنـــی و لە دەردی گزیری و ســـەپانی و گاوانـــی هەڵاتبوون، لێرە بە نـــاوی دارتاش، خۆی گیرساندبووەوە. هەر زووش، دەم بە دەم لە ناو خەڵکیدا، بە هۆمەری دارتاش ناوی دەرکردبوو. لە تاو ئەوەی دەســـت و پێوەندی ئاغای ناوچەی خۆیان نەیبیننەوە بە ئاشکرا دووکانی دانەنابوو. قەناعەتی بە حەوشەی ماڵەکەیان کردبوو. لە بەرەوە، هەر نرکە و خنەی بوو، هەڵبەتە پیشـــەیەکی قورس و وەستایانە نا، بەڵکوو هێندێ کاری سووک و سانا کە بە هەر کەسێکت بسپاردبایە تا ڕادەیێ شارەزایی هەبوو. دوای ئەوەی شار لە لایەن پۆستاڵپۆشە قۆپچە زیوەکانەوە، بۆ دووهەمجار، دەســـتی بە سەرا گیردرا، جارناجارێ، بە نهێنی و لە ترسی بۆڵەبۆڵی خورشێی ژنی وڵامی داخوازیەکانی ئەوانیشی، هەر چەندە بە نابەدڵی دەدایەوە. خورشـــێ کە تووڕە دەبوو، جەزمە دەیگرت و تا ئەو سەری کۆڵانەکەیان، دەنگی هەڵدێنا:

- خودا لە ئەزەڵەوە هەر بە سەپانی لە قووڕی کردووی، هەر بە بــێ عورزەیی لە گڵ ڕاهاتووی. ئەگینا خەڵکی بۆ هەموو دەبێ ماڵ و حاڵی باشــیان هەبێ و ئێمەش؛ ڕوومەتمان بە شــەپلاغان گەش ڕاگرین. هەک پشتت شــکێ بۆ ژیانێ بەرهەمت هێناوە. یاڕەبی لەوە کەڕ و کاس تر بی هۆمەر!

گەلێک جار هۆمەر وای لێدەهــات بڕیارێکی نەخوازراو بدا و ســەری هەڵگرێ و ڕوو لە هەندەران بکا. بەڵام کە دواتر بیری لــە منداڵەکانی دەکردەوە؛ خۆی بە خوێڕیێ دەهاتە پێش چاو کە نەیتوانیــوە منداڵەکانی بە خێو بکا و جێی هێلاون. ئەوکات هێور دەبووەوە و ئاوری ناخی دەتلیسایەوە. کوێخا وتەنی:

- «وەکوو دەستی کەر، دەکەوتە عەرزێ!»

خورشێ بە دەستێکی کەشەفەیێ و دوو چایی و قەندانەیەکی گڵی لە سەر و بە دەستەکەی دیکەی، دامێنی کراسە پڕ چین و لۆکەی گرتبوو و هاتە حەوشێ و چووە سەر وەختی هۆمەر:

- هۆمەرخان! ماندوو نەبی! کەیفت ســازە مێردە قۆزەکەم؟ چ دەبوو تــۆش ناوت هۆمەرخان بووایە و خاوەنــی کوێخا و گزیر و گاوان و بوویتایە. ئەوجار بە جووتە و بە ســواری ماینێکی قەدەم، بچووینایــە بازارێ و بە بەر چاوی عالەمــێ و لە بەر دووکانی سولەیمانە جووەی خشڵ فرۆش، ڕامانگرتایە و بچووینایە ژوورێ. دە دانــە گۆبــەرۆک و چوار دانە لاگیرە و پێنــج دانە ژێر چەنە و شــەپلاغە و گوارە و پاوانە و سەر پشــتێن و دونیایەک، شتی

دیکەمان بکرِیایە، ئەوسا من دەبووم بە؛ خورشیدەی تابان، ژنی هۆمەرخان و ڕەشیدی جاجان و خانەکەی خانان. هۆمەرخان! بۆ گوێم بۆ ناگری کەڕوکاس! دەڵێی بۆ داروپەردووی ئەم ناوە قسان دەکەم. هەر لە ئێوارەوە کە ڕاسپاردەکە، هاتووەتە ئێرە، ئیمانم نەچێ گۆڕاوی و لە هۆمەرەکەی جاران دەرچووی. دەبێ بۆنی دەوڵەمەندیت کردبێ. ڕەنگە لە بیری ئەوەدابی کە؛ پاداشتەکەت وەرگریت و توورمان هەڵدەی و بڕۆی ژنێکی دیکە مارە بکەی. قەدیمی بۆیە گوتوویانە: «کورد، هەر دەستی بە دەمی گەیشت و دەوڵەمەند بوو، لە خودای یاخی دەبێ و چیتر بە هیوای مەبە؛ یا زەلامان دەکوژێ یان ژنی مارە دەکات...» شەرتە بە شەرتی خودا، ئەگەر پاداشتەکەت وەربگری و نەمبەی بۆ دووکانی سولەیمانە جووەی خشڵ فرۆش و بە دڵی خۆم ڕازیم نەکەی، وەک عوزارە شێتی باپیر ئاغای، گڕ لە گیانم بەر دەدەم و ڕووسیای دونیا و قیامەتت دەکەم. جا جوان بیری خۆتی لێوەکە و بیکە ئاڵقە و ئاوێزەی گوێکانتی بکە، هۆمەر خانی دارتاش!

خورشێ دوایین قسەی بە دەم هەستانەوە کاتێ تەواو کرد کە ژیلەمۆی ڕوخساری، باوەشێن دەکرا. دەرکە داری وەتاغەکەشی بە دووای خۆیدا، بە ڕقەوە پێکدادا.

لە کۆتایی کارەکەیدا، لە دەلاقەکەوە؛ چاوێکی بە ناو ژوورەکە و منداڵەکانیدا خشکاندبوو. لەوێشەوە بە خورشێی وتبوو؛ تا کۆتایی ڕێ و ڕەسمەکە و وەرگرتنی دوا شاییەکانی پاداشتەکەی

ناگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. خورشێش بە زەردە خەنەیێ ڕەزامەندی خۆی دەر بڕیبوو.

... لەگەڵ سێ چوار کەسی ڕاسپاردەی قۆپچەزیوەکە، لە چەقاندن و هەڵنانی دوا دارەکە بووبوەوە. کزەی شەماڵی شەوێکی مام ناوەندی خاکەلێوە دوای ئارەق کردنەوەیەکی بێ وچان، لەرز کەوتبووە هەناویەوە. تەنیا لە بوومەلێڵدا و لە سەر تەپۆلکەیێ ئەژنۆکانی لە باوەش نابوون و چەناگەی خستبووە سەریان و لە هەیبەت و بالاّی بەرهەمەکەی خۆی دەڕوانی:

- «هۆمەر! ئەمجارەیان مێسلێ جارەکانی گوزەشتە نییە. تەواو خۆتی پێوە ماندە و خەستە بکە، دەبێ زۆر مەحکەم و سفت و قەوی دروستی بکەیت. سەری ئەم دەفعە بوزورگە هۆمەر، زۆر بوزۆرگە و پاداشتیش زۆر چەورە، چەورە!»

غەڵبە غەڵبێ بە سواری شەماڵ، گەنە مووەکانی گوێی، نەرمەساژەی دەکرد و بە بێ خولڵق کردن، خۆی دە کردە خانەخوێی مێشکی:

- کوڕینە سەیری بەژن و باڵام کەن، چ دارێکتان دیتووە هێندەی من قیت و قۆز و رێک و پێک بێ؟ دارتاشەکەمان لە ناو هەر سێکماندا منی بە برا گەورە داناوە، برا گەورەیی لە خۆڕا نابێ. ئەرکی زۆرتری لە سەر شانە. دەبێتە کۆڵەکەی ماڵ. نابینن من چۆن بوومەتە کۆڵەکە بۆتان!

- کوڕە، کەم فشەفش بگرەوە، لەوەتی هەڵتراوی، یەکبین

زمانت ناوێستێ، دەڵێی؛ ئاشــە ئاوییە دەسووڕێ. بەردەوام دەڵێی: بەژنم وا، لاقم وا و کلکم وا! عەیبە پیاو باســی خۆی بکا، یەکێ لە نیشــانەکانی پیاوی گەوج و نەزان بە خۆدا هەڵوتنە. لە کۆنەوە گوتوویانە: «درێژ ئەقڵی لە کۆشیدایە!»

- پیاوی چاک بن، دوو قســەی باش بکەن، هەک داوەشێی بــرا چکۆلە! ئەرێ ئەو ورتە ورتەت لــێ چیە؟ کەم ڕژد و چاو چنۆک بە برا، تاکوو ئێســتا لە ناو ئێمە دا، بێ حورمەتی بە برا گەورەمان نەکراوە، گەورە و چکۆلەیی هەر ماوە. ڕاســتە دەڵێن: «پیاوی کورتە باڵا و گولەکە شەو و ڕۆژی حەوت جاران لە عەبد هیچ، لە خوداش یاخی دەبێ!»

ســەری هەڵبڕی. گوێی هەڵپەســارد. جگە لەو سێ دارەی بەرهەمــی چەنــد کاتژمێر هانکە هانک و مانــدوو بوونی بوو، کەســی دیکەی بەر چاو نەهات. تەزووێکی سارد، ویبرەی خستە هەناویەوە؛ «تۆ بڵێی لەم جۆرە کاتانەدا، دارەکانیش وە قســە بێن، بسم الله ...!»

دونیا لە ڕوون بوونەوەدا بوو. ســەرەتای پێو قەدەمی گزینگ لە خۆرهەڵات ڕا.

دەنگێ نەدەبیسترا بەڵام دەیگوت:

- «کوڕینە! دەزانن ئێمەش، ناومان چووە ناو ناوانەوە!»

لە ماڵەوەش خورشــێ، لە جێویانەکەیدا، دەتلایەوە و خەونی بە ژێرچەنە و لاگیرە و پاوانەوە دەبینی ...

تۆزاڵ

■

چل ســاڵ لەمەوبەر، کەرتی ونبووی پازڵەکەی دۆزیبووەوە و بە سەرجەم مامۆستا و پسپۆڕەکانی ئەم بووارەی ڕاگەیاندبوو، بــەڵام کەس تــا ئەمڕۆ و دوابــەدوای بە ئەنجام گەیشــتنی توێژینەوەکان، ڕاشکاوانە نەیانتوانیوە، ددان بە حەقیقانیەتی بوونی ئەم دوا کەرتەی پازڵەدا بنێن...

□□□

دەرەجەی ســی ســیەکەی لە دوو تێپەڕانــد. زەرداوەکەی هەڵکشاندە ناو سورونگەکەوە. چوارشەممۆی ڕابووردوو، کاتژمێر ٧:١٣ خولەکــی ئێوارە بوو، دوای خوێندنــەوەی ناوی لە لایەن مونشیەکەوە، بە گرێ قامکەکانی تەقولبابی کرد و دوای چوونە ژوورەوە، هەســتی کرد، چوارپایەی تەنیشــتی دوکتور، هێشتا هەر گەرمە. نیگای وەکــوو تیغێکی عەمەل، چەقییە بزەی لێوی دوکتور. ئەوەندەی دیکە زۆپای ناخی بڵێسەی کێشا. پەنجەکانی خستە ناو یەک و قامکە قوڵەکانی کەوتنە هەڵسووڕان. هاوکات،

ئەژنۆی چەپیشی کەوتە لەرە.

- بەڵێ گیانە؟!

ســێوی گەردنی، بە زەختەوە، هامووشۆیەکی کرد، ڕەنگە زەمەنــی ناو گەرووی، تەمووز بێ لە ســەحرای ســینا یا خود بیابانی لووت.

- دوکتور گیان! بە ڕاستی ماندووم. هێز و تەکانم لێ بڕاوە. قەرارم نەماوە. چیتر نایکێشــم. باســکەکانم دەڵێی بە گۆشپاچ کوتراون و شین و ڕەش هەڵگەڕاون، گۆشتەکەیان هەلاهەلا بووە. مەحز بۆ ڕەزای خودا؛ چارەیەێ، فکرێ، ڕێ حەللێ...

□□□

... کە پسپۆڕەکان، کۆڕێکیان بۆ ڕاگەیاندنی دۆزینەوەی ئاڵقەی ونبووی ئەم زنجیرە گێڕا، دۆزێرەوە کۆنەکەی؛ یەکێک بوو لە بەشــدار بووە بانگهێشــتکراوەکانی ئەو ڕێ و ڕەســمە جیهانییــە. هاوکات لە گەڵ پێشکەشــکردنی ئاکامی ڕەهای توێژینەوەکان، دوای چڵ ساڵ لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی شێلگیرانە و تەرخانکردنی ناوی یەکەم پێشکەشــکەر لە سەر ئەو ئەنجامە، هەنیسکی دا و فرمێسکی شادمانی هەڵڕژاند...

□□□

... دڵە خووڕپێی بوو. شــەلاڵی عــارەق. بە چاوپێکەوتنی زەرداوی ناو ســورونگەکە، هێڵنج بەرۆکی پێ دەگرت و شەپۆلی بە لەشی ئەدا. لەوە دەچوو؛ گیانی لە ژێلاوە لە گەڵ خۆی بێنێ.

گەلێک جار، تا بن لەوزەکانی دەیهێنا. لە دەربیجەی زارییەوە؛ سەرە تاتکێی دەکرد و دەکەوتە چاوشارکێ.

- مزگێنیم دەرێ عەبدوولکەریم، هەواڵێکی خۆشم پێیە!

سەرلەنوێ، سێوی گەردنی، بە دژواری هەڵگەڕان و داگەڕانێکی کرد. بزەیەکی کەم تین و بێڕەنگیش، گوڵە زەردەی نیگای وەک گوڵە بەڕۆژە، کردەوە. لە ناو دەمی دوکتورەوە؛ یەک لە دوای یەک، سککەی تەڵا بەردەبووەوە سەر موزاییکە پێنج خشتەکیەکان. زرینگەیان دەهات و لە سەر لا گلۆر دەبوونەوە بۆ ژێر مێزەکەی. دەیویست؛ داموکێتەوە و بیانچنێتەوە، بەڵام لە تاو هەواڵەکە، بڕست و جووڵەی لێ بڕابوو.

- دوکتور گیان! خۆم لە خۆمدا، کەلەلام. تکات لێ ئەکەم لەوە کەلەلاترم مەکە و دیسانەوە مەمجەڕێنە. مادام هەواڵەکە لەم وەزعە ئەسەفبارە دەرم بێنێ، شەرت بێ بە دڵی خۆت ڕازیتدەکەم.

- عەبدولکەریم! باش گوێ بگرە، ئەم شەو کاتژمێر ١٠ ی شەو، بە دیار هەواڵەکانەوە دانیشە و بە وردی سەرنجیان بدە. وەڵامی خۆت وەردەگری. وەک بیستوومە؛ مادەیەک دۆزراوەتەوە، لە سەداسەد، نەخۆشییەکەت چارەسەر دەکا. ئومێدت بە زاتی پەروەردگار بێ. ئەم چەند دەرزییەت بۆ دەنووسم، بەشکم دواجارت بێ نووسخەت بۆ دەپێچمەوە و ئەمجارەیان بە ساغی و سڵامەتی بتبینمەوە.

چوبووە ناخی ئەو هەمووە سـککە زێڕەوە کە دانە بە دوای دانەدا لە زارییەوە دەپەڕینە دەرەوە و بەردەبوونەوە و زرینگەیان دەهات. سەری سووڕمابوو لەو نەهێنییە کە؛ بۆ تا ئێستا دوکتۆری بەم چەشـنە نەبینیوە و چۆنە؛ ورگی بووەتە کانگا و خەزێنەی زێڕ و پەیتا پەیتا چەشـنی تەرزەی بەهاری؛ دەکەونە سـەر ئەو مۆزاییکە پێنج خشتەکیانەی ژێر قۆندەرەکانی...

□□□

... لـەوە دڵنیابوو کە تەرخان کردنی تەواوی سـاڵەکانی تەمەنی، بۆ گەیشـتن بەم دەرەنجامە، بێ کەڵک و بێ سـوود نەبووە و بە ڕاگەیاندنی ئەم پێشکەشکارییە، مرۆڤایەتی؛ لە تەم و مژی زانیاری زانسـتی و فیزیکاڵی سەرەتاییترین پێکهاتەی بوون دەرباز دەبێت.

«گرێکوێرەی ڕازی بەدیهاتنی بوون لە ئەزەلدا».

ئـەم کەرتە ونبووەی پازێلی فیزیای بوون، ناوی: «تۆزاڵی خودا»یە!

□□□

... ناوی تۆزاڵی خودا، هەرای خستە مێشکیەوە. لە دەروونەوە خرۆشا. سورونگە ئانسۆلینەکەی ئاوقای تەلەفزیونەکە کرد. لە کونترۆڵەکە گەڕا... ئەی ئەگەر تۆزاڵی خودا، چل ساڵ لە ئەگەرا بووە و ئەمێستا بڕیاری دۆزینەوەی دراوە، بۆچی لە ڕابوردوودا؛ خـەروار خـەروار دەق و تۆمـاری کورت و دریـژی مێژوویی و

ئاینی، لە بەستێنی مرۆڤایەتیدا هەڵقووڵاون و ملیۆن ملیۆن بنی بەشەریان پێ لێخوڕیوە؟!

کونترۆڵەکـەی بۆ نەدۆزرایەوە. جگەرەیەکی داگیرسـاند و بێ دەسـەڵات، لە سەر تراسی نهۆمی سـەرەوە گیرسایەوە. لە ڕووبەڕوویدا، لەودیـو گۆمبەزی مزگەوتـی گەڕەکەکەیانەوە، مانگ قایم کرابوو. بانگبێژێ لە دووروڕا، تازە دەیویست؛ خەڵک بانگهێشـت بکا، بۆ نوێژی خەوتنان. شـاریش باوێشکی دەدا و تەمای بوو لە سەر پێخەفی خاک ڕابکشێ و دەستی بکا بە سەرین و لە حەوتەوانە و گەلاوێژ بڕوانێ ...

تەرمێک بە سەر دەستی درۆیەکەوە

■

تـــۆخ تۆخ مـــردووی، کەچـــی نکۆڵی دەکـــەن و دەڵێن؛ نەمـــردووی. بە ڕۆژی ڕووناک و لە بەر تیشـــکی تیژئاژەنی نیوەڕۆژی تەمووزی ســـینادا درۆ دەکـــەن. وەکوو کۆن نەماوە، بە ئەســـپایی و لە مەشـــکەدا و کوولەکەدا درۆ بکەن، دەنگ هەڵنەبڕن، کە درۆشیان کرد، لە شـــەرمان ببزرڕ کێن. هەنووکە؛ بە بڵیندگۆ درۆ دەکەن، پڕ بە بۆشـــایی کۆڵان، شـــەقام، شار و وڵاتـــەکان، هاوار دەکەن، دەقیرێنن، دەقیژێنن، دەڵێن؛ نەمردوویت و درۆ دەکـــەن. لـــە ڕوو ناچن هیچ، مێشـــیش نابێتە میوانیان. تەرمەکەتە، گۆرەوشار دراوی و هێناویانە لە پشتیەوە چێوێکیان کردووە بە کۆڵەکە و هەڵیان ناوە، پیشـــان خەڵکی دەدەن. دەڵێن نەمردوویت و دیســـانەوە؛ درۆ دەکەن. زەق زەق چاوت داپچڕیوە و زارت بە قەد زاری نەقەیەک کردووەتەوە. لارەمل وەســـتاوی. ئاوێنە؛ تەمی هەناسەت ناگرێ و شاڕەگت بە ترپە ترپ، هومێد بە ڕۆحت نابەخشێ. کەچی بۆ سەدان جار لە ڕوو ناچن و دەڵێن؛

نەمردوویت و درۆ دەکەن. هەندێ جار منیش گومان دەمگرێ و پرسیارێ؛ وەکوو بۆربلینگ لە ناو کاسە سەرما هەڵدەخولێ. دێت و دەچێ و دێت و دەچێ... باشە ئەگەر ئەمە جەنازەی تۆیە، بۆ تا هەنووکە بۆگەنی نەکردووە و کرمەڕێژ نەبووە و دەعبا و مێرو و نەکەوتوونەتە گیانی؟ بێ ڕۆحە و نەماسیوە و نەگەنیوە؟ لە دوو ڕۆژ پتر، بۆنی لاشـــە، دەبێتە خولوێرکەی مێشک. کەچی بە درێژایی تەمەنـــم، بوویتە خانە خوێنم و هاوەڵێ بۆ چرپەکانم. کەس نەزانێ تۆ دەزانی؛ ڕۆژ و شـــەوم لێ نەبواردووە و بەردەوام بۆ ســـوکنایی دڵم دێمە لات و گرێکانی سفرەی دڵم دەکەمەوە. چەشـــنی ژنێکی دەســـت بەتاڵی بێ هاوەڵی پشت تەلەیفوون یا پیرەپیاوێکی لێکەوتووی تەمەن حەفتا ساڵ بەرە و ژوور، بە دڵ تامـــەزرۆ بێ یەکێک گوێی بۆ بگرێ. دۆ و دۆشـــاو تێکەڵ نەکەم. لە هەموو شـــتێ دەدوێم. لە فرمێســـکی ئاو و تنۆکی بـــاران، لە تەڕ بوونی باڵندە بێ لانەکان. لە مەلی بەهەشـــت و شەمشـــەمە کوێرە. لە دایک، لە خاک، لە زەوی. لە ئاســـمان و بـــاوک، لە پەرژین و قەفەزەی جوڕە. لە پانتایی دڵەوە تا بەر تەسکی عەقڵ. لە قوڕنەکانی دونیا. لە بیدایەتەوە تا کۆتایی.

«تێکیەوە دەدەم چەشنی؛ شێوی مجێوڕێکی قانعی لە خوا ترسی ئاوات مردوو!»

سەدان ساڵە ڕووبەڕووی من بە چێوێکەوە، بەندیان کردوویت و کاکیلکەت بەر بووەتەوە و ویترینی دەمت، ســـی و دوو ددانی

گڕ دەنوێنێ. کەچی دەڵێن؛ نەمردوویت و درۆ دەکەن.

لە یادمە یەکەم جار کە مردیت، ناوەڕاست ڕۆژێکی هاوین بوو. لاشـــەی بێ گیانت بە شانی کەسێکەوە لەرەی دەهات. بن دارە و دار و شـــوێنا و شـــوێنی پێ دەکرا. پەتای سەرگەردانی لێیدابوو. دەستەوەســـتان و بێ ئۆقرە و بێ حەژمین بوو. پەشیمان لەو کەتنـــەی کردبووی و لەوە سەرســـامتر؛ نەیدەزانی چی بە ســـەر تەرمەکەت بێنـــێ. وەڕەز و ماندوو لەبـــن دارە بەنێکدا بە دیار جەنازەکەوە هەڵترووشـــکا. بۆ یەکـــەم جاربوو ترس لە دڵیا شـــکۆفەی کرد، چـــرۆی دەردا و ڕەگی داکوتـــا. هاوتەریبی کوشـــتنەکەت؛ دڵی ماسی. هەستی کرد، دەف کوت دەکرێت. دڵە تەپەکەی دەیلەراندەوە. وەکوو کەســـێکی فێلێهاتوو؛ جار نا جارێ ڕایدەتلەکاند. لێرەدا بوو؛ کە تەنیایی، دەرفەتی لێ هێنا و خۆی خزاندە ناو دەمارەکانییەوە و بووە خانەخوێی ناودڵی.

«هەرکات تووشـــی دڵەکوتێ بووی، بیر لە تەنیایی وەکە. گومانت نەبێ، ئەوە، بە ئیشتیای خۆی ئەسپەکەی لینگ داوە، ئامبـــاز بە دەفەکە بووە و ئایەتی بێـــزاری و بێ قەراری و بێ دەرەتانی دەخوێنێت»

نەیدەزانی چـــی لەو تەرمە بـــکا. دەور و بەری پڕ بوو لە لوورەی گورگ و مرەی چەقەڵ. داڵە کەرخۆر، تەنوورە ئاســـا بە ســـەر ســـەرییەوە دەخولانەوە. لە گەڵ هەر پۆمپاژێکی دڵی؛ گولوبولی تەنیایی لە جیهانی وجوودیا، دەستیان دەگرت؛ بە سەر

ڕەهۆڵ و کەلەبەرەکانیشدا و دەسەڵاتیان میخ ئاژەن دەکرد. چاو نەترسانە ڕۆ دەچوونە ناو مێشکی هەر ٢٠٦ ئێسقانەکانیەوە.

چاوی لە سەر هەرا و جەمبەڵی دوو قشقەرە ئارامیان گرت. بە قەستی کوشتن کەوتبوونە گیان یەکتری.

«کوشتن لە ئەزەلەوە بەشێکی دانەبڕاوەی بوونەوەرەکان بووە، تەنانەت پەلەوەر و مەلەکانیش!»

یەکیان بە سەرکەوتوویی لە گۆڕەپانی جەنگێکی خوێناویدا هاتە دەرەوە. ئەوەش قەدەری ئەو قشـــقەرەیە بوو کە بە دەســـتی هاوەڵ یا هاو ڕەگەزەکەی خۆی لە نیوەڕۆژێکی ســـوورەوەبووی هاوینێکی قاقڕدا بکوژرێ! پاشـــان بە دەوری لاشەکەیدا، سێ چوار جار باڵەکانی لێکدا و سنگ و موسەڵدانەی هەڵهێنا و بە تـــەوژم و بە گوڕ کەوتە؛ قارە قاڕ. وادیار بوو؛ شاهەنشـــاش بە سەپان ناگرێ. دواتر بە دەندووکێ و چنگۆڵەکانی کەوتە گیان زەوی هەڵکۆڵین. لێی سەرخۆش بوو. دواجار دەریدا. پاشان لاشە بێ گیانەکەی خزاندە ناوی و داپۆشییەوە و دای لە شەقەی باڵ و کەوتە شوێن چارەنووسێکی نادیار.

ئاوێکی ســـاردی بە لەشیا کرا. هەر تۆوی پەشیمانی کەم بـــوو، ئەویش لە ناخیـــدا گوورا. لـــە پەلەوەرێکیش کەمتر بوو. تەرمەکەی بەردەمی؛ تامی سوێری فرمێسکەکانی چێشت. داڵە کەر خۆرەکانی ئاســـمانیش گوێیان لە قوڵپەی گریانی بوو. لە ساتەوەختێکی کەمدا بە قەد سەد ساڵ چەمابووەوە. بڕستی نەما

تەرمەکە چاڵ بکا. بە کاوەخۆ و هەنیسکدان، کەوتە چاڵکردنی ئەو جەنازەی بۆ خۆی کوشتبووی...

... لــە چاخەکانی دیکەشـــدا و تا دونیا بـــە دونیایە، تا داڵە کەرخـــۆر و گورگ و چەقەڵ بوونیـــان هەیە، من ناتوانم شاهیدیت بۆ نەدەم کە بەم دەستە لەرزۆک و پەککەوتانەی خۆم نەمکوشتووی. نەک کەڕەتێ، ســەدان کەڕەت. کەچی دەڵێن نەمردوویت و بە عامی ئاشکراش درۆ دەکەن ...

کۆنترین ئازاری ئەم شانشینە

■

چ شـــتێک لەوە جەرگ بڕترە کە ماوەیەکی دوور و درێژ، ئازارێ لە ناوەوە، بـــە هێمنی بن کۆڵت بکا و بتکا بە پرپۆڵە و هەڵتپرووێنێ و نەشـــتوانی بە هیچ جۆرێ دەری ببڕی. مەراقێ بینە قاقات بگرێ و بتهێنێتە ســـەر دەروازەی فوغان و هەڵچوون. دڵـــت لە چێوە بەرێ و بیشـــەمزێنێ، بەڵام ڕێـــی ئەوەت نەبێ، گۆناکانت بە ســـوێراوی فرمێســـکەکانت بخەملـــێ و تامە بە سوێکەیان هەڵچێژرێ. دەیان ســـاڵە تامەزرۆی ئەوەم، جارێ لە جاران نزگەرەی هەنیســـکەکانم لە قووڵایی دڵمەوە هەســـت پێ بکەم و مەراقەکانم لە ڕەگ و ڕیشـــەوە هەڵکێشم و فرێیانبدەمە دەرەوە، بەڵام مەخابن ترسێ ناهێڵێ. ترسێ لە مێژ ساڵە سەرتاپای جەســـتەی داگرتووم و بەرگێکی رەشی پێ پۆشیوم. ترس لەوەی کە نەکا دوای هەڵڕشـــتنی فرمێســـکەکانم، لووتم بەر بێتەوە و بماسێ و سوور هەڵگەڕێ و پاسەوان و ئاژەنەکانی سەر شەقام و چوارڕێیانەکانی شارەکەم پێم بزانن کە؛ هەنیسکم داوە و گریاوم و

بەم تاوانەوە بمگرن و لە بنا کەپووم هەڵبڕن و ڕەوانەی گرتووخانە و بەندیخانەکانم بکەن.

لەم شـــارەمدا، کەس ناوێرێ بگری. زۆربەی خەڵک چوون دەمێکســـاڵە نەگریاون و فرمێســـکیان هەڵنەڕشـــتووە، هەستی گریانیـــان لە گرێژنە چووە و لە یادگەیان پەڕیوە. هەر لە زووەوە بە بیری دایک و بابیشـــم نا، بە بیری باپیرەکانم و زۆریش لەوە کۆنتر، پادشـــایەک بۆ خوێندن، گەورەترین کوڕی کە لە دوای خۆی پێی دەنێتە سەر تەختی شاهانە و دەبێتە جێنشینی، دەینێرێتە مەملەکەتـــێ لە باکـــوور. وا باو بووە کە لـــەو مەملەکەتەدا؛ خوێندنی باڵای بەڕێوەبردنی وڵاتیان فێر دەکردن و دوای ئەوەی شازادەکان ئامادە دەبوون بۆ لە سەرنانی تاجی شاهانە، دەگەڕانەوە بۆ زێدەکەیان و چاوەڕوانی مردنی باوکیان دەکرد. ئەم شازادەیە لە گەڕانـــەوەدا و لە گەڵ خۆیدا؛ هاوەڵێکـــی لە مەملەکەتی باکـــوورەوە هێنابوو. لە کاتی خوێندنەکەیدا لە فێرگە، لە گەڵی ئاشـــنا دەبێ و دەبێتـــە هاوڕێی نزیکی شـــازادە. لە تەواوبوونی خوێندنەکەیدا هەست دەکا؛ ئەگەر بە تەنیا بگەڕێتەوە وڵات و لێی دابـــڕێ، لەوانەیە بەرگەی ئەو دوورییە نەگرێ و زۆر بە خراپی بە ســـەریا بشکێتەوە. پێشنیاری پێدەکا؛ لێی هەڵنەبڕێ و نەبێتە ڕفیقی نیوەڕێ و لە گەڵیا بێ و لە دەورەی پادشـــایەتیەکەیدا، ببێتە وەزیری دەستە ڕاست و ڕاوێژکاری یەکەمی شاهانە. وەک گوتوویانە؛ ئەویش داواکارییەکەی شازادە ڕەت ناکاتەوە و بەڵێنی

تەواو لە شـــازادە وەردەگرێ و زێدەکـــەی جێ دەهێڵێ و پێکەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەم شانشـــینە. دواتر شـــازادە؛ لە دوای مردنی باوکی و لە کاتی لە ســـەر نانی تاجی شاهانەدا، بەڵێنیەکەی خۆی دەباتە ســـەر و هاوەڵەکەی دەکاتە وەزیری دەستەڕاســـت و ڕاوێژکاری یەکەمی دەربار. وەک دەگێڕنەوە؛ شا زۆر مەدهۆش و حەیرانی ئەو وەزیرە دەبێ؛ لە زانایییەکەی، لە شێوەزارەکەی، لە ڕەنگی مووەکانی، لە چاوە شینەکانی و تەنانەت زۆر جاریش لە دڵیدا خۆزگە بۆ سیما ئاڵواییەکەی دەخوازێ کە ئەگەر منیش، دەم و چـــاوم ئاڵواوی بوایە، لە ناو دەســـت و پەیوەندی دەربارا و لە مەجلیســـی ژنانی کۆشـــکدا، زیاتر دەکەوتمە بەر باس و بە چاوێکی تایبەت و جیاواز ســـەیر دەکرام. شـــا، لە لایەکەوە ئیرەیی پێ دەبرد و لە لایەکی دیکەشـــەوە شانازی پێوە دەکرد و گەڵێک جار ئەمری بە ڕەشنووســـی کۆشکی شاهانە دەکرد و چەندین جار دووپاتی دەکردەوە کە لە نووسینەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژانەی مەملەکەتتدا دەبێ ناوی ئەو وەزیرە باکوورییە، شـــان بەشـــانی ناوی شاهانە بە پێشگر و پاشـــگری لێوەشاوەوە تۆمار بکرێ، تا لە داهاتوودا و لە نەوەکانی تردا ئەم شـــانازی و کارە گرینگەی شـــاهانە، بە هەم وەرگیرێ و لە بیر نەکرێ. ئەم ڕێز لێگرتن و شـــانازی پێوەکردنە تا شـــوێنێک چووبووە پێش کە؛ وەزیر و ڕاوێژکاری یەکەمی شـــاهانە زۆر جار سەرخۆیانە و بێ چاوەدێری شا و مەجلیسی شاهانە، بڕیاری حوکمی دەردەکرد و

پاشاش بە زەردەخەنەوە و بە ئامێزی کراوەوە پیرۆزبایی پێ دەگوت و ڕەزامەندی دەردەبـــڕی و گەلێک جاریش خەڵاتی دەکرد. لە سەر تەختی شاهانە هەڵدەستا و ڕووی دەکردە مەجلیسی شاهانە و بە دەســـتی ڕاستی تاجە زێڕینەکەی سەری ڕاست دەکردەوە و دەیگوت:

- هەر کەســـێ بڕیارەکانی وەزیر بەڕێـــوە ببا، ئەوا حوکم و ئەمری شاهانەی بەڕێوە بردووە و هەر کەسێکیش سەر پێچیان لێ بکا ئەوا ســـەرپێچی کردنە لە ئەوامری من و گەورەترین تاوانی کردووە و سزاکەشی مردنە.

دەگێڕنەوە کە میللەت و جەماوەر، بە هۆی بڕیارە یەک لە دوای یەکەکانی وەزیر، تووشـــی بارگرانییەکی بێ وێنە ببوون، بـــە جۆرێ کە؛ بۆ ســـکاڵا و دەربڕینی ئێـــش و ئازارەکانیان، شـــوێنێکیان شـــک نەدەبرد و نەیاندەزانی ڕوو لە کوێ بکەن. ناچـــار لە پەســـتێو و ژوورەکانیاندا و دوور لـــە چاوی ئاژەن و پاســـەوانەکان، تێر بە دڵیان دەگریان و مەراقیان هەڵدەڕشت. بەم جۆرە، ئاســـوودەییان بە دەروونی خۆیـــان دەگەیاند و کەمێ لەو بارگرانییەیان کە، شان و ملی پێ داخستبوون و هێز و توانای لێ بڕیبـــوون، کەم دەکردەوە و ئۆقرەیان دەگرت. ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی کە دوابەدوای ئەم گریانە پڕ هەنیسکە لووتیان بەر ببێتەوە و ســـوور هەڵگەڕێ و بماسێ و لە دووروڕا پێیانەوە دیار بێ کە؛ تاوێ پێش ئێستا لە ژوورەکانیاندا و لە بێ دەرەتانیدا فرمێسکیان

هەڵڕشتووە و هەنیسکیان داوە و کۆشی خەمیان لە باوەش گرتووە. گەر سوورپێکت بە ناو شاردا گێڕابا و لە خەڵکی ڕامابای و لێیان وردبوویتایەوە، کەسێکت بەدی نەدەکرد کە لووتی بەر نەبووبێتەوە و سـوور هەڵنەگەڕابێ و نەماسیبێ، لە دووکاندار و حوجرەچی و عارەبانە چیەوە بگرە تا ئاسـنگەر و دارتاش و تەنانەت؛ وەرزێڕ و جووتیارەکانیش. بە هەر کەسێ دەگەیشتی، زوو دەستێکی بە کەپوویەوە هەڵدەپەسارد و لە شەرماندا، دایدەپۆشی و دەیشاردەوە. ماوەیەک لە وڵاتانی دەوروبەردا ناومان بە؛ وڵاتی لووت ماسیوە سـوورەکان دەرکردبـوو. تاجر و بازرگان و گەشـتیارەکان کە؛ لە هاموشـۆی دراوسـێکان و مەملەکەتانی دیکەدا بوون، ئەم هەواڵەیان دەهێنایەوە تا؛ کۆشـکچییەکان و وەزیر و ڕاوێژکاری یەکەمی شـاهانە، بەمەیان زانی. وەزیر، ئەم بیستنەوەی لا گران هات و بە هێند و بە سـووکایەتی بەرامبـەر بڕیارەکانی خۆی تێگەیـی و بە پەلـە کەوتە هەوڵ و تەقەلا و لە ئەنجامیشـدا، سەیرترین بڕیاری تەمەنی خۆی دەرکرد:

- بۆ سـەرجەم دانیشـتووانی ئەم پاشانشینە بە هەموو چین و توێژێکەوە؛ لەم ڕێکەوتەوە لە هەر شـوێنێکی وڵاتدا، بێجگە منداڵی تا تەمەن پێنج سـاڵان، هەر لووت ماسـیوێ، تەنانەت ئەگـەر؛ بە زەرگەتـەش نەنگێوترابێ و پێـوەی درابێ، مادام بکەوێتە بەر دەسـتی پاسـەوان و ئاژەنەکانی حوکومی، سەرەتا و لە جێدا و لە بنەوە لووتی دەبردرێ و پاشـان ڕادەسـت دەکرێ

بۆ بەندیخانەکان و تا کۆتایی تەمەنی دەبێتە میوانی مشک و جرجەکان. ئەوەشتان لە بیر نەچێ کە؛ بە هیچ شێوەیەک لەمەودووا پرسە و سەرەخۆشی نامێنێ و هەڵدەگیردرێ. هەر بەم بۆنەیەوە، ڕاشکاوانە پێتان ڕادەگەیەنین کە؛ ئەمە دوا بڕیارە و ئاسانکاری بۆ کەس ناکرێ. گوزەشتمان لە کەس نییە، پیر و جوان لێک ناکەینەوە و هەموان بە یەک چاو سەیر دەکەین.

کۆشکی شاهانە، بڕواری .../.../...

دەگێڕنەوە کە؛ مقۆ مقۆ دەکەوێتە شارەکە و کۆشکی شاهانەش دەگرێتەوە، دەربارییەکانیش بەم حوکمە سەرسام دەبن. خەڵکی دەیانگوت؛ تا ئێستا مێژوو لەم جۆرە بڕیارەی بە خۆیەوە نەدیتووە و بە سەیر و سەمەرەیان ناوزەد دەکرد. دەیانگوت: مەگەر مرۆڤ دەتوانێ پێ نەکەنێ؟ دەتوانێ نەگری؟ دەتوانێ نەڕوانێ؟ دەتوانێ... ئەم پرسیارانە بە گوێی شا گەیشتنەوە و لە کۆشکە تایبەتەکەی خۆیدا و بۆ ئێوارە خوانێک بانگهێشتی وەزیری کرد. دوای بەزم و ئاهەنگێکی شاهانە، لە کاتێکدا دەفرە ئاڵتوونیە نەخشێنراوە پڕ لە شەرابەکەی بە دەستەوە بوو، بە لاوژەوە کەوتە سەروکاری وەزیر و لەم بڕیارەی پرسی و بۆ وەڵامی پرسیارەکان گەڕا. وەزیر وڵامدەرەوەیەکی بە توانا بوو:

- قەدەم و پێڵاوی شاهەنشا، سەر پێلوو و گلێنەی چاوم، منی خزمەتکاری متمانە پێکراوی بنەماڵەی شاهانە، هەموو کات هەوڵم داوە بە دڵ و بە مێشک ئەویندار و ئەمیندارێکی

ڕاســـتەقینەتان بم و بە هەموو نرخ و شـــێوەیەک پارێزگاری لە تەخت و تاجی شـــاهانە بکەم، ئایا دەکرێ منی لانەواز و خاکی ژێر پێی ئێوە، بڕیارێکی گرینگی لەم چەشـــنە بە بێ لێکدانەوە دەر بکەم و بیر لـــە دەرەنجامەکانی نەکەمەوە. خاتری حەزرەتی عالی موستەحزەرن کە؛ خوداوەندی سوبحان زۆر لە بەندەکانی بە کەڕی و تەنانەت بە کوێری هێناوەتە بوون. ئەوەش دەزانین کە؛ ئەم بەندە کـــەڕ و کوێرانە لە هەر کۆمەڵگایەکدا ژیابن، بە بێ وەیترین و ئارام ترین کەســـەکان ئەژمێردراون و زەرەریان بۆ هیچ حوکومەتێک نەبووە و بەردیان نەخســـتووەتە ئەستۆندکی هیچ حاکمێکەوە. پادشـــا سەلامەت بێ، هەمووشمان ئەوە دەزانین کە هیچکام لە کارەکانی خوداوەندی ســـوبحان بێ حیکمەت نین و لـــە خۆڕا ڕۆ نەکەوتوون. دوای تێفکرین و وردبوونەوەیەکی زۆر بەم ئەنجامە گەیشتووم کە هەموو ئەمانە نیشانەن و بۆچی ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە دەرکی پێ بکەین؟ خوداوەندی سوبحان بە ئاشکرا بە نیشـــاندانی ئەم جۆرە کەسانە بە ئێمەی ڕاگەیاندووە کە؛ مرۆڤ ئەگەر کەڕ بـــێ و ئەگەریش کوێر، دەتوانێ ژیان بەرێتە سەر و وەک هەموو مرۆڤەکانی دیکە تەمەنی هەڵکێشێ بۆ نەوەد و بەرەو ژوورتریش، دەشـــتوانێ وەک ئەوانی دیکە، نان بخوا و سەردانی مەبال بکا، بەڵام لەوانی دیکە قانعتر و بێ وەیتر و بێ زەرەرتر بێ. خۆ ئێمە داوای کەڕ و لاڵ بوونمان لە خەڵکی نەکردووە، تەنیا داواکارییەکی بچووکمان بووە، ئەویش نەگریانە.

کاتـــێ مرۆڤ بتوانێ بە کەڕی و بـــە کوێری بژی، نەگریان، لەوانەیە زۆر ســـاناتر بێ، ئەمەش تەنیا مەسڵەحەتی شانشین و لە ســـەرووی هەموانەوە؛ مەسڵەحەتی ئێوەی بەڕێزی تێدایە. بەم بڕیـــارە خەڵکانێ کە چاویان بە تەخت و تاجی شـــاهانە هەڵنایە و ناشـــتوانن بە هیچ شـــێوەیێ دەری ببڕن و تەنانەت لە گریان و هەنیسکدانیش بە دوور کراون، بە شێنەیی و وردە وردە، لە ناخەوە دەپرووێن و دادەڕمێن، ئەمەش وادەکا؛ بێ ئەوەی ئێمە ڕاستەوخۆ، هەوڵی لە ناو بردنی نەیارەکانمان بدەین، بپووکێنەوە و بە ئارامی بفەوتێن و لە ناو بچن.

دەگێڕنەوە شـــا، کە بە گوێی دڵ، ســـەرنجی وەڵامەکەی وەزیـــری دەدا، کتوپڕ لە جێگەکەی ڕادەپەڕێ و ئامبازی وەزیر دەبێ و ســـێ جار ناو دەمی ماچ دەکا، دواتر بیری کەوتبووەوە کە؛ خودا بۆیە یەکێ لە براکانی بە کەڕ و کوێری هێناوەتە سەر دونیا و لە پەنا گوێیا و لە کۆشـــکی شاهانەدا جێگیری کردووە تا ئەم تێیبفکرێ، بەردەوامیش سەرکۆنەی خۆی کردووە کە بۆ تا هەنووکە و دەرچوونی ئـــەم بڕیارە و ڕوونکردنەوەکەی وەزیر، هەســـت و فامی بەم دیاردەیە نەکردووە و پێی نەزانیوە. پاشـــان ڕۆژێ بۆ پشـــتگیری بڕیارەکەی وەزیر و ڕاوێژکاری یەکەمی شاهانە لە کۆبوونەوەیەکی گشـــتیدا کە تەنیا بۆ ئەم مەبەستە پێکهاتبوو، بە شـــێوەیەکی ڕەســـمی بڕیارەکەی وەزیر دەکاتە یاسایەکی نیشتمانی و ئێستاشی لە گەڵدابێ؛ بووەتە نەریتێکی

شـــاهانه و جیل به جیل لەم شانشینەدا به توندترین شێواز ڕەچاو کراوه. لەو کاتەوه مەگەر به ڕێکەوت، دوای ئەوەی ژمارەیەکی کەم به هۆی لووت بەربوونەوه و ماســـین وســـوور هەڵگەڕانی، کەپوویان لە دەســـت دا و کەوتنە زیندان و حوکمی هەتاهەتاییان بە ســـەرا بڕدرا، چیتر زۆربەی نێزیک بە تەواوی خەڵك، گریان و هەنیســـکدانیان لە بیر بردەوەتەوه و بە دەگمەن دەتوانرێ؛ لووت ماســـیوێ لەم شانشینەدا بدۆزیتەوه، کەچی ئەم ئازاره بە سوێیه لە مێژ ســـاڵە لە دڵی مندا نەمردووه و پەنگی خواردوەتەوه، بەڵام ســـەد مەخابن، ترسێ ڕێگرمه و چاوەکانیشم وشکارۆن و تامی سوێری فرمێســـکیان لە بیر چووەتەوه. سەد خۆزگەش بە باوکه ئادەم و دایکه حەوا، بەبێ ئەوەی ترسیان لە هەڵکەندنی کەپوویان بووبێ تاوێ بە قاقاوه بوون و تاوێکیش بە گوڕ و بە لێزمه و بە ئاشکرا گۆناکانیان بە بارانی فرمێسک خەملاندووه ...

بڕیار

■

... تەنیا و چاوەڕوان و سەرلێشـــێواو، لە سەر چوارپایەیێکی گوڵمیخکراودا، چەشـــنی ڕەگەی دار گوێزێ، کە نیوەی لەشی لـــە ژێر خاکرا دەرکەوتووە، لەوپەڕی ڕووبەرێکی چیمەندا و ڕوو بە دەرگەی جام ڕەشـــی ئۆتۆماتیکی ســـاڵۆنی فڕۆکەخانەکە، چوارمیلکەم داوە. دەڵێی؛ تاقە دارێکی چەماوەی بە ساڵاچووم، هەزاران ساڵە تەمەنم. بێ جووڵە و بێ سرتە، سەرپۆپ و پەلەکانیشم نوشتاونەتەوە وچەناگەیان بە ئەژنۆکانمەوە نووساندووە، تا ئێستاش بڕیاری سەفەرێکم نەداوە، نەک توانای سەفەرم نەبووبێ، بوومە، بەڵام دڵم ســـاغ نەبووەتەوە. دڵەراوکێمە و شوێنەکەم بۆ دەستیشان نەکراوە، وابڕیارە ئەمڕۆ، دوابڕیار بدەم و خۆم یەکلایی بکەمەوە. زۆرجـــار کەوتوومەتە بەر تەوس و توانجی هاوەڵەکانم. زۆربەیان، چەندین جار چوونەتە ســـەفەر و گەڕاونەتـــەوە و کە منیان لێرە بینیووەتەوە، پێش ئەوەی زمانیان بگەڕێ، لە دووڕڕاو بە تەوسەوە، زەردەخەنەیەکیـــان هەنارده کردووم. یەکیـــان ئەوەتانێ، دیارە لە

سـەفەر گەڕاوەتەوە، هیلاک و ماندوو، تۆزاوی و سـەرووبەرگ شـێواو. دەست و پێ سپی، دەڵێی؛ بە گەچی قوتابخانە، لە سەر تەختە ڕەشـەکە، سەر لە نوێ نیگارکێشیت کردووەتەوە. گومانم نییـە جانتاکەی پڕە لە دیاری و شـتومەک. قورس دیارە و بە زەحمەت وەدووی خۆیدا ڕایدەکێشێ:

- سەفەر سڵامەت، کاکە چیا!

- ئەوە هەر لێرەی بابان خراو!

- ئەزەل و ئەبەدم لە یاد بردووەتەوە و نابینی لە جیا سـەفەر، دڵم بەم سمێڵانە خۆش کردووە؟!

پیاوی چابە کوڕە! بەوە دەڵێی سـمێڵ، یان دەسکە کەوەر! هـا.. بیانگرە، ئـەم کتێبانەیان بە دیاری بۆ نـاردووی؛ هەزار تونێکانی بۆرخێس، سـەد سـاڵ تەنیایی مارکیز، ... فۆئێنتێس و یوپاز و خووسـێ مارتی و... پێم گوتبـوون؛ هاوەڵێکم هەیە، هەمیشـە تەنیا و چاوەڕوان و سەرلێشواو، لە ڕووبەڕووی ساڵۆنی فرۆکەخانەدا و لە سـەر چوارپاییەکـی گوڵمیخکراودا، تەمای سـەفەری هەیە و تا هەنووکەش دڵی ساغ نەبووەتەوە بەرەو کوێ بڕوا. ئەوانیش بە تێکڕایی گوتیان: ئەمانە خەریتەی سـەفەرن، بیان بە بۆهاوەڵەکەت، بەشـکم ڕووە و داڵانی زەمەن و بە سواری کیسەڵێکی باڵدار بهاژووێ!

لە دیارییەکانیرا، لێت ڕوونە؛ ڤیزای سەفەرەکەی ئاراستەی بەرە و کام مەملەکەتە بووە. پاش هەواڵپرسـینێکی کورت، لێت

دوور کەوتەوە و بوو بە تارماییەک و بە تەوژمێکی لێڵدا ڕۆچووە گەرووی زەمەنەوە. بەڵام هەستت کرد بۆن و بەرامەی پیپی تەنیاییەکەی جێما. لە بۆنی تەقینەوەی هەوڵ سەرچاوەی هەسارەکەمان دەچێ. نێزیک لە بێ و بۆنی بارووتی چرکەی چەخماخەی تفەنگی ڕاوچییێ لە کاتی هەوازەنیدا، لەوانەیە بەم زووانەش نەڕەوێتەوە. بۆن بە بەرگ و لاپەڕەی کتێبەکانیانەوە دەکەی، قامکت لە سەر لاپەڕەکان، بە کاوەخۆ دەبزوێنێ و چەشنی سەگورگێ؛ لمۆزی لێ دەخشێنی. خۆیەتی، بۆنی جگەرە بەڵگە قاوەییەکانی کوبا. ئەستوورەکەیان دەنێیتە بەر سووکە هێزێکی ددانەکانت و بە تامەزرۆییەوە دایدەگیرسێنی و ڕوومالی شەپکەکەت دەنێیتە پاشە سەرت و لاق دەخەیتە سەر لاقت. لە سەد ساڵ تەنیاییدا، نووقم دەبی. گیرسانەوەت نییە و دەرۆی بەرە و ناخی هەزاران ساڵی تەنیاییش. ئەسڵەن دەبێ بە دەزگیرانت و پێکەوە دەچنە سەر ڕووبەڕێکی سەهۆڵبەستووی بەریەرین و وەجووتە دەکەونە سەما. لە گەرووی گوڵە وەنەوشەی گرامێکەوە؛ ژەنینێ دێتە گوێ. دەڵێی؛ لە ئەزەلەوە ساحێب دەزگیرانی. دەڵێی؛ پێکەوە، هەزاران ساڵە مەشقی سەما دەکەن، چەشنی توانەوەی گۆشتی دوو مۆمی هەڵایساو، لە نێو یەکدا دەتوێنەوە... دواتر، بە شەقام و کۆڵانەکانی تەنیاییدا دەکەویتە شوێن پێی؛ گابریل گارسیا مارکیز. لاپەڕە بە لاپەڕە و لۆ بە لۆ. دەنیشێیتە نێو گالیسکەی خەیاڵ و بە پەیژەی دووکەڵی بۆنداری

تەنباکووی جگەرە بەڵگەکەدا هەڵدەزنێی...

- «فرۆکەی جۆری تۆپۆلۆف، کاتژمێر ۱۲ی پێش نیوەڕۆ، بە کاتی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لە شـــاری مۆســـکۆڕا، تا پێنج خوولەکێ دیکە دێتە نیشتن!»

بـــە دەم بانگەوازەکەڕا، لە گالیســـکەکەوە بـــەر دەبمەوە و دەکەومەوە سەر چوارپایە گوڵمیخکراوەکە. ژاوەژاو و هەراهەرای ســـەفەرە. جارناجارێ و بە بێ کۆکە و بەدەم باوە و بە دەنگێکی زیکەداری ژنانەوە، چەشـــنی بێچووە مەیموونێک کە لە پشـــتە ملمەوە ئامبازی ســـەر و کوێلاکم بێ و بە مســـتە کۆڵە بەربێتە کاسەسەرم، سەرلەنوێ دەمهێنێتەوە سەر جێی یەکەم و دەمخاتەوە بیری سەفەر. تاکوو ئێستاش نەمتوانیوە بۆ ئەو سەفەرە، شوێنەکەم دەستنیشان بکەم، ئەوەش وام لێدەکا بە دەنگە زیکەدارەکەی ئەم ژنە کەڵەباب سیفەتە، تەواوی مووی لەشم، قنج و قرژ ببنەوە. دووبارە ڤیززەی نیگام دێ. دەڕوا و لە سەر جانتای کۆڵی کیژەڕێبوارێ ئۆقرە دەگرێت. بە موبایلەکـــەی و بەدەم ڕێوە؛ نوقمی چێتە. لە سەر شاشەکەی هاتووە:

«داواکارییەک بۆ سەرجەم ڕدێن دار و بێ ڕدێنەکانی دونیا؛ ســـەرجەمی پێتەختەکانم تێکەوەدا، لە مێترۆکاندا هەڵمیزتووە، بوومەتە کەڕەناژەنی ســـەکۆی پاپـــۆرەکان، خەونووچکەم پێ نەمـــاوە بۆ فرۆکەیەکی تر، بە هەڵۆیی لـــە کلیمانجارووداا بێ نێچییر ماومەتەوە، قەبرە کۆنە بەساڵاچووەکانیشم گۆڕەوشارداوە،

مەخابن مام بەختەوەرم بزر کـــردووە، نەمدۆزیوەتەوە. تکایە؛ هەر ڕدێن داریێ، لە هەر شـــوێنێکی ئاســـماندا و هەربیێ ڕدێنێکیش، لە هەر شـــوێنێکی زەویدا، وەبەر چاوتان کەوت، بەم ناونیشانەی خوارەوە، ئیمەیلێکم بۆ هەنارده بکەن.

بە سپاسەوە؛ برازا وڕلّەکەی مام بەختەوەر...»

ئانتوان چیخـــۆف نییە! نازانم، ڕەنگە ئەویش بیێ. ئەوەتانیێ، نەمگوت:

- «چاوەڕوانی، مرۆڤ تووشـــی دەستەوەستانی و شپرێوی دەکا. وزەی دیدەکانـــی دەبا و بە لەوەڕیش ســـەر وڕێنە و باو و بالۆرەی دەخا.»

بە چاویلکە بەنداره گردەکانیڕا، بە ڕیش و سمێڵە درشتە ماش و برینجیەکانی و کاتژمێـــرە گیرفانییەکەیڕا، گومانم نامێنیێ. جانتاکەی بە دەستی ڕاستی هەڵگرتووە. ڕوو لە منە و بزەیەکی تەوساوی سیمای لە قەرینە ترازاندووە. هەنگاوەکانی ڕەنجدەرانەن و دەڵێـــی گوڵمیخن بە زەویدا دەکوترێن. پاپیۆنە ڕەشـــەکەی لە قایمیان، ڕەگی لاملی ماساندووە. فریای خۆ کۆکردنەوە ناکەوم. بە هێما دەڵیێ:

- «ئەمانەتیم پێیە»

دوا دانانی، ڕادەبووریێ و دەمـــی مـــنیش دەبێتە تەڵەی تەقیو.

«ئەو عاشقی مەرگە.. بووریس ئاکونین، ڕۆحە زیندووکان.. دیمێتری بایکۆڤ، ٢٠١٧.. ئوولگا ئوسلاونیکوا، مێترۆی٢٠٣٣..

دیمیتری گلۆخۆفسکی و کڵاوی ترسی ڤیکتۆر پۆلوین»ە ئەمانەتیەکەی. لە پارچەکاغەزێکدا، لە سەرووی کتێبەکانەوە نووسراوە؛ ئەمانە خەریتەی سەفەرن، بیان بە بۆهاوەڵەکەت، بەشکم ڕووە و داڵانی زەمەن و بە سواری کیسەڵێکی باڵدار بهاژووێ.

لێت دوور کەوتەوە و بوو بە تارماییەک و بە تەوژمێکی لێڵدا ڕۆچووەوە گەرووی زەمەنەوە. بەڵام هەستت کرد؛ بۆن و بەرامەی پێپی تەنیاییەکەی جێما. لە بۆنی تەقینەوەی هەوەڵ سەرچاوەی هەسارەکەمان دەچێ. نێزیک لە بێ و بۆنی بارووتی چرکەی چەخماخەی تفەنگی ڕاوچیێ، لە کاتی هەوازەنیدا. لەوانەیە بەم زووانەش نەرەوێتەوە.

دەروانیتە خەریتەکان؛ ڕێگاوبانەکان، تابلۆی سەردووکانەکان، ئێتیکێتی مرووەکان، ڕێنوێنی سەر شەقامەکان، کۆڵانەکان، تەنانەت چوارچێوەی داری قەنەفەکان؛ تووسکای ڕووسە. هەویری کاغەزی کتێبەکان؛ سەرفی ڕووسە... چاویلکەکەت دەکەیتە چاوت. دەبیتە زەرگەتەیەک و بە وشەکانەوە نەدەیت. پیتەکانیش بەدەر ناکەیت. ماندوو نابی. هەدا نادەی. لە وشەیێ دەگەڕێیت؛ کەوییە و خۆماڵییە. لە شوێنگەیێ دەگەڕێی؛ لە دڵ و ڕۆحتدایە. لە سەر پانتایی نەخشەی ڕووسیەڕا بۆ شارێکی بچووک دەگەڕێی؛ پێشینیان و مێژوو وانان، ناویان ناوە:

«هەڵەبجە...!»

ڕەنگە ئەم گەڕانە دژوار و لە هەمان کاتدا بـــێ ئاکامە بێت کە دەتوانـــێ بە جۆرێک براکـــوژی، ئاکۆکییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خودا و ئەفرەت لە بێ عەداڵەتی پاساو بداتەوە و ئەو ئیزنـــە بە مرۆڤ بدات کە بەردەوام لە گەڵیاندا بژیت.... ژیانێکی ئازاراوی. کە لە گەڵیا بیرکردنەوەیەکـــی ئەبەدی و ئەزەلیش ڕێ دەکا. گەڕانی نووســـەر لێـــرەدا خوێنەر بیری ئەفســـانەی سیزیف دەخاتەوە. بەڵام بەو جیاوازییەوە کە کۆی کاراکتێرەکان لێرەدا نە تەنیا لە ڕێگای کـــردەوە، بەڵکو لە ڕێگای وشەیشەوە ڕاستەوخۆ پەیامێکی خەمناک بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێدێڵن. پەیامی نەگەڕان و مل کەجکردن لە ئاســـت شکستی ئەوانەی ڕابردوو و پەلکێشکردنی بۆ ئیستا وەک تەنیا ڕاستیی ژیان و بوون ...

دیزاین: ئازاد سوورخی

ISBN:978-600-5647-48-8

قیمەت: ٥٠٠٠ تمەن